# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی چوارەم ژمارە(85) بەرواری 15-10-2020 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت


**دۆسیەی ژمارە: ١٦ ئۆكتۆبەر و كارنامەی تاوانكارانەی بزوتنەوەی كوردایەتی**

**هەریەک لە بەڕێزان، کاکەلاو تەحسین، ڕەنج نەوزاد، ئەنوەر نوری، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن**

لاپەرە...11-12-13

# ١٦ ئۆكتۆبەر ئەڵقەیەكی تر لە نۆكەر پیشەیی حزبەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی!



لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، باڵێکی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، باڵی میراتگری تاڵەبانی، دەستیان خستە ناو دەستی سوپاو حەشدی شەعبی و قاسم سلێمانی، بۆ هێرشی چەکداری بۆسەر شاری کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان. لەم کردەوە نۆکەرپیشەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەو ناوچانە ئاوارەبوون، ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی بێتاوان کوژران و برینداربوون و خەڵکیکی زۆر ماڵ وێران کران و بەدەیان پێشمەرگە ژێر دەبابە خران و کوژران، سەرئەنجامیش شاری کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان لەدەست حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرهێنراو کەوتەوە دەستی دەسەڵاتی ڕەشی ناوەند. هاوسەنگی هێز لەنیوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی قەومی عێراق بە سودی دەسەڵاتی بەغدا ئاڵوگۆری بەسەدا هات و برگەیەکی نوێ لە لە ململانێی نێوان بەغداو هەولێر دەستی پێکرد.

یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتی عروبەی قەومی و ئیسلامی شیعی، لەگەڵ باڵی میراتگری مەرحوم!! تاڵەبانی،

بۆ لاپەڕە 2



# لە یادی ٥٣ ساڵەی ئیعدامی (چیگڤارا)دا

سەردار عەبدوڵا

دەوڵەتی کۆنەپەرستی بۆلیڤیا لە بەرواری ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ چیگڤارای بە دیل کراوی ئیعدام کرد. ئەم تاوانە تا هەتایە وەک پەڵەیەکی ڕەش دەمێنێتەوە لە مێژووی ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارییەدا. چیگڤارا یا وەک لای خۆمان پێی دەووترێ جیڤارا لە ڕووی کۆمەڵایەتی وسیاسییەوە سەر بە کام دەزگای فیکری بوو؟ چەپ بوو یا کۆمۆنیست بوو؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشترە سەرەتا شتێک لەسەر ئەم دوو وشەیە..

بۆ لاپەڕە 3



# سەرۆكی حكومەت و تیمەكەی لە پەرلەمان!! شكستی دەسەڵاتیان خستەوە ڕوو

عەبدوڵا مەحمود

پێنجی ئەم مانگە سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و تیمێکی پەیوەندیداریان، سەردانی پەرلەمانی!! کوردستانیان کرد.

پێشتر ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران خەریکی کۆکرنەوەی واژۆ بوون بۆئەوەی سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان بکەن بۆ لێپرسینەوەو پرسیار کردن... ئامانجی ئەو تیمە لەپەرلەمانتاران بۆ هێنانی سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان، لەلایەکەوە بۆ خۆجوتکردنیان و

بۆ لاپەڕە 4



**پێویستە دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت شیروان شیروانی ئازاد بكرێت!...ل3**




**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بایكۆتی دەوامیان كرد!...ل3**



**بزووتنەوەی شورای وەك نەخشە ڕێگایەكی باشتر...ل5_6**



**هیچ شوێنێك نییە بەوێنەی ماڵ بۆ مرۆڤ...ل 7**



**بنەماڵە گەندەڵترین ئۆرگانی ناو كۆمەڵگە و هۆكاری توندوتیژی بەدژی ژنان...ل 10**



**پرسی ژن** ل 7

**گۆشەی ئەدەب و هونەر** ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

لەدرێژەی وەستانەوە بەدژی پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستاندا بوو. پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان کە پارتی نەک هەرخۆی پێوە گرێدابوو، بەڵکو ببووە ئاڵاهەڵگری، یەکێتی نیشتیمانی کردبووە حزبێکی گوێ رادێر، زەلیل و بێ پرۆژە، بەتایبەتیش دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەرەکی و سەربازی لەدژی داعش. باڵی تاڵەبانی کە لەدوای تاڵەبانییەوە خۆیان بەمیراتگر و خاوەنی یەکێتی نیشتیمانی دەزانی، ویستیان لە رێگای خۆبەستنەوە بە بەغدا و درێژەدان بە دژایەتی ریفراندۆمەوە، لەلایەکەوە گورز لە باڵە نەیارەکانی ناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی نیشتیمانی بدەن و لەلایەکی تریشەوە تۆڵەی کردەوەی نۆکەر پیشەیی ٣١ ئاب لەپارتی بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا وەستانەوە بەرووی ریفراندۆمدا، هەوڵی باڵی خۆ بەخاوەنزانینی یەکێتی بوو، بۆ خۆجوتکردن لەگەڵ سیاسەت و پلانی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەوانە عیراق، ئێران، تورکیا بەدژی ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

١٦ ئۆکتۆبەر... زۆر شتی گۆڕی ئاکامی ریفراندۆم نەبێت. دژایەتی کردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم نەیتوانی پرسی راپرسی رابگرێت و نەیشی توانی خەڵکی کوردستان لەبەشداری فراوان لە ریفراندۆمدا، پاشگەز یان سارد بکاتەوە. ریفراندۆم ئاکامیکی سەرکەوتوانەی بەدەست هێناو لەپێش هەموو شتیکیشەوە ئەو ڕاستیەی جێگیر کردەوە، کە خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیەتی و ئەم ویستەشی بە کردەوە لە بەشداری لە ریفراندۆمدا بەرجەستە کرد. لەو نێوەشدا پارتی کە بۆ مەبەستی تر ببووە ئاڵاهەڵگری ریفراندۆم، و خۆی بەستەوە بە پرسێکی هەستیاری سیاسی و حقوقی میژووی و ئاڵۆزی کیشەی خەڵکی کوردستانەوە سەرمایەکی گەورەی سیاسی بۆخۆی پاشەکەوت کرد و پارسەنگی هێزی لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، بەسودی خۆی ئاڵوگۆڕ بەسەردا هێناو پاشەکشەی بە پێگەو جێگاو ڕێگای هەموو حزبەسیاسیەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، کرد. ئەم ئاڵوگۆرە لە پێگەی پارتی بە زیانی یەکێتی و هەموو حزب و لایەنەکانی تر، باڵی خۆبەخاوەنزانینی یەکێتی و توندڕەوی ناو یەکێتی لەخەوێکی قوڵ و شکستێکی گەورە بێدار کردەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە ئەم باڵە ویستی بەخۆ بەستنەوە بە دەسەڵات بەغداو نیشاندانەوەی عادەت پیشەیی بۆ ئێران و تورکیا، بەشداری لە هێرش بۆسەر ناوچە کیشەلەسەرەکانی کوردستاندا، هەم پارتی توشی شکست بکات و هەم ئاڵای وەستانەوە بەدژی پارتی و سیاسەتەکانی و دارشتنی نەخشەی ململانێی ئایندە لەگەڵ پارتیدا، بەدەستەوە بگرێت، بەڵام ئەمە بەنرخی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کورستاندا بووە هۆی ئەوە باجەکەش هەر ئەو باڵە نۆکەر پیشەییە بیدات. ناوچە کێشە لەسەرەکان و کەرکوک و کە ناوچەو پێگەی جەماوەری یەکێتی" قودسی کوردستان"ی تاڵەبانی مەرحوم بوو!!" نەک بۆ کاتێکی کورت کە سەرانی پیشلەشکری یەکێتی کاتی هێرشەکە رایانگەیاند، بەڵکو بە تەواوەتی لە دەست یەکێتی، دەرهێناو بوای وینەگرتنی سێلفیش بۆ ئاراس تاڵەبانیەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی لەو ناوچانە نەما.

١٦ ئۆکتۆبەر، نەبوو بەخێر بەرەکەت بۆ باڵی نۆکەر پیشەیی یەکێتی، و ئاکامی ریفراندۆمیشی پێ زیندەبەچاڵ نەکرا. پارتیش وەکو هێزێکی سەرەکی لەگەڵ ئەوەدا پێگەو قەڵەمرەویەکەی گورزێکی کاتی بەرکەوت، و بەشێک لەدەسەڵاتەکانی لە پرسی حکومەتداریدا لێسەندرایەوە، بەڵام لەسەر سەرمایەی سیاسی کە بەخۆبەستنەوە بە ریفراندۆم و پرسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بەدەستی هێنابوو، لەچاو یەکیتی و باڵی خۆشخزمەتچی یەکێتیدا، توانی باڵانس و پێگەی سیاسی خۆی لە کوردستاندا بەدەست بهێنیتەوە و دووبارە بریاردان لەسەر پرسە سیاسیە چارەنووسازەکان، چ لە ئاستی عیراق و کوردستان و ناوچەکەدا، بەدەستەوە بگرێت و لەسەر ئاستی کایەی دیموکراسی بۆرژوایی و هەڵبژاردن!! ...تاد... براوە بێت.

ئێستا کە سێ ساڵ بەسەر پرسی ریفراندۆم و کردەوەی نۆکەرپیشەیی باڵی میراتگری تاڵەبانی تێپەر دەبێت... یەکێتی لەهەموو بارێکەوە چۆتە دواوە. پارتیش لە هێرشی بەردەوامی سیاسی و جێ قایمکردنی زۆتری خۆیدایەو هەنگاوەکانیشی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە زۆنی سەوزو نیلیدا دەستپێکردووە. پارتی بەو جێگاو رێگا تازەیەوە کە بەدەستی هێنا، نەک دەستی حزبە سیاسیەکانی تری لە ئاستی هەرێم و ژێر سایەی خۆیدا کورت کردۆتەوە یان کردونی بە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی، بەڵکو ئێستا رێگری لە سیاسەت و پرۆژەو نەخشەکانی یەکێتی لە زۆنی سەوزو پێگەی جەماوەری یەکێتیشدا دەکات. وە هەموو جومگە گرنگ و بڕیاردەرە گرنگە سیاسی و چارەنووسازەکانی لەدەست خۆیدا مۆڵ کردووە.

هەموو ئەم واقعیەتانە، شکستی یەکیتی بەگشتی و باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی بەتایبەتی بەیان دەکات، لەوەش واوەتر مایەپوچ بوونی نەخشەی نۆکەر پیشەیەکەی یەکێتی بۆ عێراق و ئێران نیشاندا. ئەگەر پارتی لەنۆکەر پیشەیی خۆی لە ٣١ ئابدا، توانی باڵانسی هێزو قەڵەمرەوی سیاسی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیدا دابسەپینیت و بیکاتە ئەمری واقعی کوردستان و یەکێتی و هێزەکانی تریش ناچار بکات، ئەو تاڵاوە بچێژن. ئەوا یەکێتی بەهۆی ١٦ ئابەوە، بووە قوربانییە سەرەکیەکە و دۆڕاو لە گەمە و پیشبرکێی و کرێگرتەیەدا.

خەڵکی کوردستان، دوای سێ ساڵ بەسەر کردەوەی عادەت پیشەیی یەکێتی" باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی" بۆ سوپای عێراق و سلێمانی قاسمیانی و ئێران و بەهێزبوونی پێگەی پارتی، ئێستا دوو راستی ئەزموونکراویان لەبەردەستە کە دەشێ ببێتە سەرمایەی سیاسی بۆ داهاتوویان. یەکەمیان: چ پارتی و چ یەکێتی بۆ راگرتنی باڵانسی نێوانیان و جەنگی باڵادەستی لە کوردستاندا، سڵ لە هیچ کرێگرتەیی و نۆکەرایەتیەک ناکەنەوە، دەیان جاری تریش ئامادەن، ئەو رێگا شەرماوەرە بگرنە بەر. دووەم: گەرانەوەی پارتی بۆ بەغداو پشتکردنە ئاکامی ریفراندۆم، دیسان ئەوەی نیشاندا کە پارتی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی و وڵاتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە نەگرت، بەڵکو بۆ ئەوەی بوو لەلایەکەوە کێشەی کورد بە ریفراندۆمەوە بکاتە کارتی سات و سەودای داهاتوو لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکەو لەلایەکی تریشەوە شکاندنی زۆرتری یەکێتی و پاشەکشەپێکردنی و تەسلیم کردنی هێزەکانی تری بۆرژوازی کوردیش بە دەسەڵات و حکومدارییە کۆنەپەرست و سەرکوتگەریەکەی.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتێکی پارێزەری سەرمایە، کەزوربەی لایەنە سیاسیە بۆرژوازییەکانی لەناو کابینەی نۆهەمدا کۆکردۆتەوە، و درۆی ئۆپۆزیسیۆنیشی خستۆتە روو کە پێشتر بانگەشەی شەفافیەت، و چاکسازی و گۆرانکاریان دەکرد. ئێستا هەموو ئەو هێزانە، لەگەڵ پارتی خاوەنی لە ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەردا، دەستیان لەناودەستی یەکترەو بەخۆبەستنەوەشیان بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و چاو برینە بەغدا، پەیامی دریژەدان بە ٣١ ئابەکان و ١٦ ئۆکتۆبەرەکان، رادەگەیەنن.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

**ئەگەر پارتی لەنۆکەر پیشەیی خۆی لە ٣١ ئابدا، توانی باڵانسی هێزو قەڵەمرەوی سیاسی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیدا دابسەپێنێت و بیکاتە ئەمری واقعی کوردستان و یەکێتی و هێزەکانی تریش ناچار بکات، ئەو تاڵاوە بچێژن. ئەوا یەکێتی بەهۆی ١٦ ئابەوە، بووە قوربانییە سەرەکیەکە و دۆڕاو لە گەمە و پێشبرکێی و کرێگرتەیەدا...**

# له یادی ٥٣ ساڵەی ئیعدامی (چیگڤارا)دا

بڵێین، جیاوازیەکە تەنها لە دەربڕینی دوو وشەی چەپ و کۆمۆنیست دا نییە، بەڵکو جیاوازیەکە لە ناوەرۆکدایە دەکرێ تۆ چەپ بیت بەڵام کۆمۆنیست نەبیت، دەکرێ کۆمۆنیست بیت و چەپیش بیت (چەپی کرێکاری) . بورژوازی و وردە بورژوازی دەتوانن چەپ بن و لە مەوقعیەتی چینەکەی خۆشیادا بمێننەوە، بەڵام ئەگەر بوونە کۆمۆنیست ناتوانن هەر لەویدا بمێننەوە، بەڵکو دائەخزێن بۆ ناو پرۆلیتاریا .ئەم... جۆرە چەپەی بۆرژوا یا وردە بۆرژوازیە لەمێژوودا هەر لە سەرەتای سیستەمی سەرمایەداریدا بوونیان هەبووە و بەشێوەی جیاواز دەرکەووتون دژایەتی کۆمۆنیزمیشیان کردووە لە واقیعدا کاریان بۆ مانەوەی سەرمایەداری کردووە . ئامانجی ئەم چەپە لە پراکتیکدا سۆشیالیزم نییە لە باشترین حالەتدا سەرمایەداری دەوڵەتییە، یا جۆرێک لە سۆشیالیزم کە لە واقعدا بەدی نایەت و هەر لە وەهمدا دەمێنێتەوە بەکارهێنانی پرۆلیتاریا و چینە هەژارەکان لە لایەن ئەم چەپەوە هەر بۆ ئەم ئامانجە بووە، چەپێک لە جیهانی بەناو سێهەم هەبوو تائێستاش پاشماوەکانی ماوە، خەڵک گەرایە یا پۆپۆلیستە و ئەنتی ئەمپریالیستە، باس لە سۆشیالیزم دەکا ئەو پشت بەستووە بە رۆشنبیرو جوتیار، جەنگی چەکدارانە و پارتیزانی بە خەباتی سەرەکی خۆی دەزانێ و ئامانجیشی سۆشیالیزمێکی نازانستیە بۆیە سۆشیالیزمەکەی یا خەیاڵی دەبێت و بەدی نایەت یا سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕێگای کەرتی گشتیەوە بەدی دێنێت، وەک چین و کوبا ڤیەتنام وکوریای باکور، .هێزی سەرەکی ئەم بەشە لە چەپ پرۆلیتاریا نیە یابڵێم چینی کرێکار نیە ، نایەوێ ئەم چینە وەک دینامۆی شۆرشی سۆشیالیستی هەڵخرێنێ ور ناتوانی سەر بەم مەیلەی ناو چینی کرێکار بێت. جیڤارا سەر بەم جۆرە لە چەپ بوو هەربۆیە لەهیچکامێ لەو وڵاتانەی ئەو تێدا جەنگی سۆشیالیزم دانەمەزراوە بنەمای کاری و بربرە پشتی ئەو جوتیار بوو نەک چینی کرێکار، چینی کرێکار لە ڕێگای شەری پارتیزانی و تیرۆرکردنی پیاوانی دەوڵەت و ئەفسەر و سەربازی دەوڵەتەوە بە سۆشیالیزم ناگا، چینی کرێکار لە ڕێگای شۆرشی کۆمەڵایەتیەوە بە مانگرتن و ڕاگرتنی چەرخی ئابوری سەرمایەو خۆپیشاندانی بە کۆمەڵ و سەرتاسەری و ڕێکخراو و بەکاری هەرەوەزی ودەست بەسەراگرتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و لە کاتی پێویستیشدا بە پەلاماری چەکدارانە دەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرمایە بێنێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆی دامەزرێنێت و سۆشیالیزم دامەزرێنی و پەل بهاوێ بۆ جیهانیش، بەڵام جیڤارا بۆ ئەمە خەباتی نەکرد، هەربۆیە نە لە کوبا و نە لە هیچ یەکێ لەو دەوڵەتانەی ئەو تیدا تێکۆشاو ژیانی خۆشی لەسەردانا ئەم ئامانجە نەهاتە دی. لەگەڵ ئەمانەشدا جیڤارا چەپ و ئینسان دۆست بوو هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی ژیانی خۆی لە پێناو ئینسان دۆستیدا بەخت بکا. ئینسان دۆستی و ئازادیخوازی ڕێگا نین بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم. دەکرێ ئینسان دۆست و ئازادیخواز بیت بەڵام ئامانجت سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم نەبێت تەنانەت ڕێگریش بیت لە بەردەم گەیشتن پێیان. کاتی ژنێکی کاثولیک یا مەسیحی دەچێتە ئەفریقا خواردن و دەرمان بۆ منداڵانی برسی و هەژار دەبا ئەو منداڵانە لە باوش دەگرێ و ماچیان ئەکا ئەمە کارێکی ئینسانی دەکا، بەڵام ئەگەر پێی بڵێی ڕێگای رزگاری ئەم منداڵە برسیانە رووخاندنی سەرمایەدارییە و بە دیهێنانی سۆشیالیزمە ڕەنگە بکەویتە سەنگەری دژایەتیتەوە وە پێت بڵێ نەخێر هەر سەرمایەداری باشە، بەڵام دەبێ بە بەزەیی بێت بەشی هەژارانیش بدات، زۆر کەس و ڕەوت هەن بەمجۆرە بیر دەکەنەوە سۆشیالیزمەکەی ئەم کەس ورەوتانە لەمە زیاتر نییە واتە دەسەلاتیکی سەرمایەداری بە بەزەیی و دۆستی هەژاران دەوێ. جیڤاریزم ڕەوتێکی پۆپۆلیستی چریکی و فیدائیە و خەڵک گەراو ئەنتی ئەمپریالیستیە نەک ئەوەی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری بێ، ڕەوتێکی چەپییە و کۆمۆنیستی نییە بە هەموو پێوانەکانی کۆمۆنیست بوون کە لە مانیفیستەکەی مارکس و ئەنگلس و یا بەلشەفیزمەکەی لینیندا پێناسە کراوە، جیڤارا زانی ناتوانێ کۆمەڵگا لە چنگی سەرمایەداری دەربێنێ و سۆشیالیزم دامەزرێنێ وە ئەم جۆرە چەپە دەمێکە لای خۆمان خۆری ئاواوبووە و بە بن بەست گەیشتووە و نەیتوانی درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات. ناوی جیڤارا و ئەوانەی وەک ئەو گیانیان بەختکرد لە پێناو ئینسان دۆستیدا هەر دەمێنێتەوە و لە بیر ناکرێن.

**سەردار عەبدوڵا حەمە**

# پێویستە دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت شیروان شیروانی ئازاد بکرێت!

بەرواری٧/١٠/٢٠٢٠ ڕۆژنامەنووس شیروان شیروانی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی پارتییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیر کرا. دوای چەند رۆژیش دیندار زیباری لە رووونکردنەوەیەکی ئابڕوبەرانەدا ڕاگەیاند کە شیروان شیروان لەلایەن لایەنی دەرەکییەوە پارەی پێدراوە تا ئاژاوە بنێتەوە، و ئاسایشی نیشتمانی خستۆتە مەترسیەوە.

دەستگیرکردنی شیروان شیروانی ڕۆژنامەنووس لە درێژەی ئەو شەپۆلە لەسەرکوت و ڕاوەدوونان و داسەپاندنی ترس و تۆقاندندایە کە پارتی ماوەیەکە بە شێوەیەکی فراوان و هەمەلایەنە بەدەستیەوە گرتووە.

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە سەدان کەس لە هەڵسوڕاوانی نارەزایەتی جەماوەری و بەشدار لە خۆپیشاندانەکان، تا چەندین رۆژنامەنووس و نەیاری سیاسی پارتی. لەلایەن پارتییەوە و بە بیانووی جیاواز جیاواز دەستگیر کراون و یەکێک لە دۆسیە لەپێشدا ئامادەکراوەکانیان، بەسەردا سەپاندوون.

ئەم ڕەفتارانەی پارتی، بەرهەمی بەرگە نەگرتنی پارتییە لە نارەزایەتی زۆر سادە، لە ڕەخنە، لە قبوڵ نەکردنی ناکۆکی سیاسی و لەوەش واوەتر ناوەرۆکی سەرکوتگەرانەی پارتی لەبەرامبەر بە ئازادی و ئازادیە سیاسییەکان، دەدخاتە ڕوو.

شیراون شیروانی، و هەموو کەس و چالاکوانێکی جەماوەری و سیاسی... مافی سەرەتایی خۆیانە نارەزایەتی دەربڕین، ڕەخنە بگرن و بنووسن و کارنامەی سەرڕێژی تاوانکاری بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لەقاو بدەن و خەڵک هانی خەبات و تێکۆشان بدەن لە پێناو دابینکردنی داخوازییەکانیان و مافە پایماڵکراوەکانیان... دەستگیرکردن و ترساندن تۆقاندن، ناتوانێت هیچ دەنگێکی ئازاد، خامۆش بکات، بەڵکو لە کۆتاییدا دەبێتە هاندەر بۆ خەبات و تێکۆشانی فراوانتر لەپێناو ئازادی و ئازادییەکاندا.

پێویستە دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت شیروان شیروانی ئازاد بکرێت و ئەو دۆسیە پوچ و تۆمەتە دروستکراوانەش کە دیندار زیبارییەکان ڕایدەگەیەنن، وەکو بەڵگەی ریسوایی نیشانی

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بایکۆتی دەوامیان کرد

بەشێک زۆر لە قوتابخانەکان بەهۆی بایکۆتی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەوە، تا ئێستا داخراون و نەکراونەتەوە... هۆکاری ئەم بایکۆت و داخراومانەوەی تائێستای قوتابخانەکان، دەگەرێتەوە بۆ بێ موچەیی و بێدەربەستی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتە فاشیل و بێ ڕۆڵەکەی.

دەسەڵاتی سیاسی لە ساڵی تازەی خوێندندا، لە جیاتی دانانی پلان و نەخشەی ورد و بردنە سەری ئامادەیی مامۆستایان و سازکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ خوێندکاران و قوتابیان و وەلامدانەوە بە پێداویستیەکانی خوێندن و ڕێکارەکانی خۆپارێزی و پلان بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی مەترسی تەشەنەکردنی کۆرۆنا ڤایرۆس، کەچی بە داسەپاندنی دۆخێکی نامۆ و نەخوازراو سەرجەم پرۆسەی خوێندنی توشی وێرانەیی و دارمان کردووە.

نەبوونی موچە، بێدەربەستی لەبەرامبەر بۆ کۆرۆنا ڤایرۆس... وەکو دوو فایرۆسی دەستی دەسەڵاتی سیاسی بەربوونەتە گیانی کۆمەڵگە و خوێندن و پەروەردە.

سەرەتاییترین شتێک بۆ خوێندن و پەروەردەیەکی تەندروست بەجیا لە ناوەرۆکی سیستەمی خوێندن و پەروەردەو شێوازەکانی، دابین بوونی موچە و زامن بوونی لانی کەمی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و قوتابیان و خێزان و کەس و کاری خوێندکارانە.

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕەشی هەریمدا، لە ژێر دەواری دوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی و چەند حزبی گوێ لەمستی موچەخۆردا، سەرەتاییترین ماف، کە دابینکردنی موچەیە و دەبێ لە کاتی خۆیدا فەراهەم بکرێت، کەچی ئەم مافە زۆر سادەیە کە ژیان و گوزەرانی پێوە بەندە، لە مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە و تەنانەت لە فەرمانبەران سەندراوەتەوە، ئەمەش زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی توشی وەستان و برسیەتی کردووە.

لەبەرامبەر بەو مامەڵەو بێدەربەستیەی دەسەلاتدا، بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بایکۆتی دەوامیان دەستپێکردووە.

مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە بۆ بەرگری لە ژیانیان و بۆئەوەی بتوانن رۆڵی خۆیان لە خوێندن و پەروەردەدا بگێرن، ناچار بەوە کراون دەست بدەنە بایکۆت و داخستنی دەرگای قوتابخانەکان... بەمەش دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسە لە چارەنووسی خوێندن و پەروەردەو لێکەوتەکانی. کەس و کاری قوتابیان و خوێندکاران، پێویستە ببنە پاڵپشتی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە تا دەسەڵات بە هێزی فراوانی خۆیان و بە یەکگرتوویان ناچار بکەن، موچە لەکاتی خۆیدا بدات و دەست لە لیبرینی هەڵبگرن... بێگومان دەسەڵاتی سیاسی باکی بە خوێندن و پەروەردە نییە، بۆیە دەبێ ناچار بکرێت مل بدات. ئەمەش بە خۆشی خۆی ناکات، بۆیە خەبات و تێکۆشانی ئامانجدارانەو ڕێکخراو و فراوانی پێویستە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی لە پەرلەمان!! شکستی دەسەڵاتیان خستەوە ڕوو...

خۆهەڵواسینیان بوو بە نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی نەبوونی و گرانی و بێ موچەیی و قاچاخچێتی و سەرکوتی سیاسی... و لەلایەکی تریشەوە بەمەبەستی هەیبەت بەخشین بوون بە پەرلەمان و ڕەوایەتیدان بەو موچە خەیاڵیەی کە خۆیان لە حکومەتێکی توپیو وەریدەگرن و لەسەری دەلەوەڕێن.

هێشتا ژمارەی واژی پێویست بۆ بانگێشتی سەرۆکی حکومەت... ئامادەنەکرابوو، کە سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند کە خۆی دەیەوێت سەردانی پەرلەمانی کوردستان بکات و ڕاپۆرتیک سەبارەت بە پرسی چاکسازی و گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا و پرسی موچە... بخاتە ڕوو، ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت لەلایەکەوە هەوڵ و تەقەلای ئەندام پەرلەمانەکانی کردە بلقی سەر ئاو بۆ لێپرسینەوە پرسیارکردن و ناچارکردنیان بۆ ڕاخستنی فەرشی سور و لەلایەکی تریشەوە ویستی هەیبەت حکومەت نیشان بدات و شەففیەت و هاوئاهەنگی حکومەت لەگەڵ پەرلەمان پێش چاو بخات.

سەرۆکی حکومەت و جێگر و تیمەکەی لە پەرلەماندا، لە ڕێگای وتار و ڕاپۆرتی درێژ و هەمەلایەنەوە، فۆکسە تایبەتەکانیان لەسەر پرسە تایبەتیەکان، گواستەوە بۆ سەر بابەت و مەسەلە گشتی و ڕۆتینیەکان و دوبارەکردنەوەی حکایەتە کۆن و سواوەکان.

لەچوارچێوەی ئەم وتار و ڕاپۆرتە گشتیانەدا کە سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی خستیانە ڕوو، نەک هەر شانی حکومەتیان لە دەیان و سەدان کێشەی گەورەو بچوکی کۆمەڵگە خاڵی کردەوە و پەرلەمانیان خستە بەردەم لێپرسینەوەو ناوزەد کردن بە مزایەدەی سیاسی و ڕاپۆرتی هەڵە و هەڵنەگرتنی بەرپرسیاریەتی، هاوکات وا وێنای کاری حکومەتیان کرد، کە لە بەرپرسیاریەتی و بەخشین و خزمەتکردن بە هاوڵاتیاندا، نموونەی بێ ڕکەبەری حکومەتدارین لەدنیادا.

لەوەدەچێت حکومەت و تیمەکەی بەپێی پەندە کۆریایەکە لایان وابێت، ئەگەر چەند جارێک درۆیەک دوبارەبکەنەوە، ئەو درۆیە دەبێت بەڕاستی.

بەشان و باڵی چاکسازیدا هەڵیاندا، چاکسازییەک!! کە هاوڵاتیان و فەرمانبەرانی کردە نیشانە و سەران و وەزیر و گزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بلۆکی موچە خۆری بن دیوار و کۆمپانیاکان و کەرتی نەوت و خاڵە سنورییەکان و ... مەعاف کرد و دەستی ئاوالاتر کردوون تا چۆنیان دەوێت داهات و سامانی کۆمەڵگە لوش بدەن. ئەم دزییە ئاشکرایەیان ناو ناوە چاکسازی و لەم ڕێگایەشدا ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەگشتی و موچەخۆران بەتایبەتی بەرەو وێران بوون دەچێت... سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی لەو ڕاستایەدا بەڵێنی بەرەدەوامی دان دەدەن... ئەمەش یانی ئۆردوی کرێکاران و کارمەندان و موچەخواران و بێبەشان، زۆرتر بەرەوە ژیانی سەخت و قورستر دەبەن و لەبەرامبەریشدا دەستی تاڵانچیانی لە حزب و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان ئاوەڵادەکەن، کە لەسەر حسابی ئۆردی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگە لە کەڵەکەکردنی سەرمایەدا بەردەوام بن... هەروەها سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی یەک تاکە بەڵگەو ئاماریان لەسەر چاکسازی نیشان نەدا و دەستکەوتێکیان لا نەبوو بیخەنەڕوو... بە پێچەوانەوە بڕێ قەرزەکانی سەر هەرێمیان لە ٢٧ ملیار دۆلارەوە کردۆتە ٢٨ ملیار دۆلار و دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک و موچە و خزمەتگوازرییەکانیش وێرانتر بووە.

لەپەیوەند بە پرسی دابینکردنی موچەوە، سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی هیچ بەرنامەو نەخشە و پلانێکیان نەبوو، جگە لەوەی چاو لەدەستی بەغدان و دیسان چەند بارەیان کردەوە کە ئەگەر بەغدا پارە بنێرێت موچە هەیەو ئەگەریش بەغدا پارە نەنێرێت... موچە نادرێت. ئەمەش ڕۆڵی حکومەت و دەسەڵات تەنها دەکاتە، دابەش کاری پارەی بەغداو بێگومان لەو پارەیەش دزی دەکرێت. ئەم دانپیانانەی حکومەت و بەستنەوەی قوتی موچەخۆرانی هەرێم بە پارەی بەغداوە، پوچی حکومەتداری نیشان دەدات و ئەو ڕاستیە چەند بارە دەکاتەوە کە ئەم جەنابانە و حزب و بزوتنەوەکەیان، هیچ باکیان بە چارەنووس و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و موچەخۆرانەوە نییە.

پرسی تەندروستی... لەهەلومەرجی ئێستادا، کە کۆرۆنا ڤایرۆس ڕۆژانە گیانی دەیان کەس دەکێشیت، کەرتی تەندروستی و حکومەت وەکو هەمیشە نابەرپرسانەو بێ باکانە دەڕوانە ئەم دۆخە مەترسیدارە و کەمترین بەرپرسیارییەتیان لە دابینکردنی پێداویستی خەستەخانەکان، نییەو زۆر خەم ساردانە مامەڵە لەگەڵ توشبوانی کۆرۆنا ڤایرۆس دەکەن و لە بەرامبەریشدا بەردەوامن لەوەی کە تەواوی کەرتی تەندروستی بە کەرتی تایبەتی بسپێرن و گیرفانی خاڵی هاوڵاتیان خاڵی تر بکەن و بیانخەنە ژێر قەرزی تاقەتپروکێنەوە یان بە بەهۆی نەبوونیەوە مەرگی نەخوازراو بکەنە دیاری چاوچنۆکیان و کەڵەکەی سەرمایە.

خوێندن و پەروەردە لە دارمانێکی بەردەوامدایەو لەم دۆخە تازەیەشدا باسی هێنانی خوێندنی ئۆنلاین دەکەن، بی ئەوەی هیچ کام لە پێداویستییە سەرەکیەکانی خویندنی نوێ فەراهەم بکەن، هاوکات بەجیا لە خراپی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، فەرمانبەران و مامۆستایان نزیک بە دوو مانگە موچەیان وەرنەگرتووە و بەو هۆیەشەوە فەرمانبەرانی پەروەردەی سلێمانی دەرگای پەروەردەیان داخستووەو موڵەتی تا ١٥ ئۆکتۆبەریان داواتە حکومەت، دوای ئەو مۆڵەتە بەردەوامی دەدەن بە بایکۆتی خوێندن.

لە پەیوەند بە بەغداوە، ململانێکانی دەسەڵاتی هەرێم لەگەڵ بەغدا لەسەر چەندین پرسی سیاسی و یاسایی و قانوونی و دەستور و یاسای نەوت و غازو گرفتی ناوچە کیشەلەسەرەکان و کەرکوک...تاد، داکشاوە بۆ دابینکردنی بەشێک لە موچەی موچەخۆرانی هەرێم و هەموو مانگێک چاوەڕوانی ڕەحمەت و لوتفی بەغدان بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران.

خزمەتگوازرییە گشتیی و کۆمەڵایەتیەکان، بەرەوە داروخانی تەواوەتی دەبرێن و هیشتا کارەبای بەردەوام ئاوی خواردنەوەی پاک بۆ هاوڵاتیان، فەراهەم نین. ڕێگا و بانەکان، نەگونجاون و دەیان لە ڕێگایانە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە. زوربەی هەرەزۆری بەش و کەتە خزمەتگوزارییەکانیانیش لەبەردەم نەخشەی هەرزان فرۆشی بە کەرتی تایبەتی کۆمپانیا حزبییەکاندا ڕاگیراون.

ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان، لەبەردەم هەرەشەی بەردەوامی دەسەڵاتدان و دەیان هاوڵاتی، چالاکوان، خۆپیشاندەر و ڕۆژنامونووس، لە زیندانەکان قایمکراون... هەردووک کەناڵی ئین ئارتی لە هەولیر و دهۆک تا ئیستا داخراون... وەزارەتی ڕۆشنبیری لوتفی بۆ بەها پیرۆزیەکان و مقەدەساتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بزواوە یاسایەکی بەعسیانەی بۆ سانسۆر خستنە سەر چاپکردنی کتێب، دەرکردووە.

لەدڵی ئەم پاشەکشەکردنەدا، لە بێ ڕۆڵی بەردەوامی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسییدا، لەبەردەوامی خراپی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا، لە بەردەوامی دان بە بەرتەسککردنەوەی کەشی سیاسی و کاری ڕۆژنامەگەریدا، لە بێ موچەیی و وێران بوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا، کەچی سەرۆک و تیمەکەی لە پەرلەمانی کوردستاندا، باسی ڕۆڵی ئیجابی حکومەت و دەسەڵاتی شکستخواردوویان دەکەن. باس لە خزمەت بە هاوڵاتیان دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە ئەوەی کاری دەجولێ و کێشەی نییە، کۆمپانیاکانن، فرۆشی نەوتە، برەودانە بە قاچاخچیتی و دزینی داهات و سامانی کۆمەڵگەیە، دەوڵەمەندبوونی بەردەوامی زیاتری سەرمایەدارەکان و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی حزبن.

سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی جارێکی تر لە پەرلەمانی کوردستان، شکست و بن بەستی واقعی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیان، لەهەموو رویەکی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی... بەرۆشنی خستەوە ڕوو.

ئەو پەیامەی سەرۆکی حکومەت و جێگر وتیمەکەی لە پەرلەمان خستیانە ڕوو، سەد بەرابەر پێداویستی هەلپێچان و تەفرو توناکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کردۆتە، کارێکی لەدواخستن نەهاتوو.

حکومەت و دەسەڵاتێک نەتوانێت بچوکترین چاکسازی بکات، و لە هیچ دز و قاچاخچیەکی بەرپرس بپرسێتەوە، نەتوانێت موچەی فەرمانبەرانی لەکاتی خۆیدا بدات، نەتوانیت سەرەتایترین خزمەتگوزاریی فەراهەم بکات و ئەوەی هەشە هەرزان فرۆشی بکات. نەتوانێت پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ بەغدا ڕێک بخات، بچوکترین روداوی سیاسی پایەکانی بخاتە لەرزەوە. وە لەکاتێکدا نەوت دەفرۆشیت و داهاتە ناوخۆشی لەبەردەستە، قەرزەکانی ماوە ماوە بە ملیار زیاد بکات... حکومەت نییە، دەسەڵاتێکی مافیاییە و دەبێ هەرچی زووە رابماڵرێت.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

ئەو پەیامەی سەرۆکی حکومەت و جێگر و تیمەکەی لە پەرلەمان خستیانە ڕوو، سەد بەرابەر پێداویستی هەڵپێچان و تەفرو توناکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کردۆتە، کارێکی لەدواخستن نەهاتوو...



# بزووتنەوەی شورای وەك نەخشە ڕێگایەكی باشتر

عبدالرحمن رسول

لەکاتی هەبوونی قەیران و کێشەکاندا کە ڕووی لەسفرەی هەژاران وکرێکاران دەکات، کەدەستفرۆش و ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان زیاتر سفرەیان خاڵی تر دەبێت، ئەوجا بەناچاری باس لە نارەزایەتی وخۆپیشاندان دەکرێت و خیابان و شەقامەکان جمەی دێت لە کۆبونەوە و دروشم کێشان و بەرزکردنەوە بە ڕوی دەسەڵاتی چەوسێنەری ملهوڕدا، بەڵام ئەمەش بەپێی قۆناغ بەسەر دەچێت و گرینگی خۆی لەدەست دەدات هەم بۆ دەسەڵات و هەم بۆ خەڵکی ناڕازی کۆمەڵگە. بۆ پارێزەرانی دەسەڵات ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەی خەڵک لەچەند ساڵانی سەرەتادا دەتواندرێت بەپێی بەرژەوەندی و سوودی لایەنگرانی دەسەڵات خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان ئاراستەبکرێن و خەڵک بەناوی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری فریو بدرێت و بنێردرێتە ماڵەوە و خیابانەکان خامۆش بکرێن لە خەڵکی ناڕازی بۆ ماوەی کاتی، بەڵام قۆناغ و کاتی خۆی هەیە، کە لەئێستادا تەواوی بارودۆخ لەبنبەست و لەژێر فشاری زۆردایە بۆئەوەی ئەوکاتە تێپەڕێنێت لەکوردستان. لایەنی بەناو ئۆپۆزیسیۆن ئەوانیش لەبەرەی لایەنگری لەسیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخوازیدا چەندین ساڵە یاریان بەچارەنوسی خەڵکی هەژارو کرێکار کرد، بەتایبەت بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان گیانی تێکۆشان و هەبوونی ئیرادەی ئینسانی لەناو گەنجان و لاوان و ئازادیخوازان و خەڵکی دا لاواز و بەرەو کوشتن برد. هەر بەچوونە ناو دەسەڵاتیان خەڵکییان بەگشتی و گەنجان و لاوان بەتایبەتی بەرەو کەناری نائومێدی نارد، زۆرێک لەگەنجان و لاوان و کەسانی ناڕازی بەچەوسانەوە و سەرکوت کە تیرۆر نەکرابن و نەخرابنە زیندانەکانی دەسەڵاتەوە ئەوا بەناچاری کوردستانیان بەجێهێشت و بەرەو ئاوارەیی وچارەنووسێکی نادیار ملیان دەنا، بەشێکیان بوونە قوربانی لەڕێگاکانی کۆچدا یان سەرگەردان ڕووبەڕوی چەندەها کێشەی ناخۆش و ناهامەتی سەخت و دژواربوونەوە یاخود بەناچاری گەرانەوە کوردستان بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێک بەدەست بهێنن. بۆ خەڵکی ناڕازیش ئەو قۆناغە بەسەرچوو کە متمانە بە حیزبەکانی دەسەڵاتدار بکات و متمانە بەحیزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی وەک ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان بکات هەروەها خەڵکی ناڕازی ئەوەش دەزانێت کە حیزبەکانی دەسەڵات بەئاسانی مل بەخواست و داواکاری خەڵکی ناڕازی و خەڵکی کرێکارو هەژاری کۆمەڵگە نادەن. وشیاری تاک بەئاستێک گەیشتووە کەپێویستی بە تێکۆشانی جیاوازتر و ئینسانی تر هەیە، بۆ ڕزگاربوون لەم قەیران و کێشانەی کە ڕوبەڕوی خەڵک بەگشتی بۆتەوە. دەبێت خەڵکی ناڕازی بەگشتی و گەنجان و لاوان بەتایبەتی ئەوە بزانن کە ناکرێت حیزبێک یان ڕێکخراوێک پڕوپاگەندەی دژی گەندەڵی و دزی بکات، بەڵام پێکهاتەی سەرمایەکەی نەزاندرێت چۆن و بەچی و لەکوێ وە کۆکراوەتەوە؟! کەناڵی ڕاگەیاندنی جیهانی هەبێت، بەڵام نەتوانێت بەدیلێک (جێگرێک) وەک سیستەمی ئیدارەدان و بەڕێوەبردن بۆ خەڵکی کوردستان بخاتەڕوو کەباشتر بێت لەسیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەر، و تێکۆشانی بۆ بکات، ناکرێت ڕۆژانەش باس لەدزی و گەندەڵی بکات ئەمە واتەی هاوبەش بوون لەگەڵ هەمان سیستەمی کۆنەپارێزو چەوسێنەرو دزدا دێت. سەرجەم حیزبەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتی کوردستان دەڵێن دزی وگەندەڵی کۆمەڵگەی وێران کردووە، دەڵێن خەڵک برسییە و موچەی پێنادرێت وڕێژەی هەژاری و بێکاری لەبەرزبوونەوەدایە لەکوردستان و لە عێراق. هەموویان دەڵێن گردەکان و شوێنە گرینگ وستراتیژەکانی شارو شارۆچکەکان تاپۆکراوە لەسەر بەرپرسە حیزبی و حکومییەکان، دەگوترێت نەوت دەدزرێت و خەڵکیش بی سووتەمەنی یە، کەوایە هیچی جیاوازتر نالێن لەیەکتری. ڕۆژانە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەمانە چەندبارە دەبێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان پێش چوونە ناو حکومەت لەکوردستان باسی چاکسازی و گۆڕانیان دەکرد لەکاتی نارەزایەتی ١٧ی شوباتی ڕابردوو، بەڵام حیزبەکانی پارێزەری دەسەڵات پڕۆژەی بەناو چاکسازی و ڕیفۆرمیان خستەڕوو کەئەویش بە پەراوێزخستنی کەرتە گشتییەکانی وەکو کارەبا و خوێندن و پەروەردەو وتەندروستی و ئاو وگەشت و گوزار بوو، بەڵام هیچ ڕێکخراو و حیزبێک بەناو ئۆپۆزیسیۆن نەهات بەدیلێکی باشتر نیشانی کۆمەڵگە بدات و تێکۆشانی بۆبکات. ئەم هەنگاوەی حیزبەکانی دەسەڵات تازە نییە، بەڵکو لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵات بەم جۆرە لەئیدارەدان لەڕوویی ئابووری و کارگێڕیەوە کارییان کردووە، بۆیە دەرئەنجام کۆمەڵگەی کوردستان بەم قەیران و کێشانە گەیشت، وە لەئێستا و لەداهاتووش هەربەم جۆرە دەبن. بزووتنەوەی نەوەی نوێ بەهەمان جۆری بزووتنەوەی گۆڕان و تێکەڵەیەک لە ئیسلامی سیاسی دەیەویت بەهەمان جۆری کلاسیکی و کۆنەخوازی ئیسلامییەکان و نیولیبرالیزم دەیەوێت یاری بەچارەنووسی خەڵکی کرێکارو هەژاری کۆمەڵگە بکات، چونکە بەرگری لەهەمان سیستەمی نیولیبرالیزم دەکات لەکوردستان کە زیاتر پروپاگەندە بۆگەشەی کەرتی تایبەتی دەکات ئەمەش لەبەرژەوەندی سەرمایەداران و دەسەڵاتدایە. بۆیە تەنها باسکردنی دزی و گەندەڵی وسەرکوت بەس نییە چارەسەری کێشەو خەمەکانی خەڵکی هەژارو کرێکارو دەستفرۆشان و مامۆستاو کارمەندان ناکات، قۆناغی ئێستا پێویستی بەتێکۆشانی نوێخوازی جیاوازتر هەیە لەڕابردوو. حیزبی شیوعی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و هەڵسوڕاوانی حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست وچەپەکانی کوردستان دروستە لەبەرنامەی حیزبی و ڕێکخراوەییاندا باسی لە ڕەتکردنەوەی کەرتی تایبەت دەرکرێت و باس تێکۆشان بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم ودەوڵەتی سۆشیالیستی وحکومەتی کرێکاری کراوە و دەکرێت کە جیاوازترو بەدیلێکی ئینسانییە و باشترە، بەڵام ئەمە بەتەنها بەس نییە، پێویستە ئەرک و تێکۆشانی جیاوازتر لەڕابردوو و لەئێستایان بخەنە بەرنامەی تێکۆشانیانەوە، کە گەشە بەبزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و یەکخستنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بدرێت. هەموو لایەک ئەوە دەزانین کەناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەردەوام بەرەو هەڵچوونی زیاتر دەچێت، ئەمەش پێویستی بە ئاراستەکردن هەیە کەلەبەرژەوەندی خەڵکی چەوساوەو هەژارو کرێکارانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بێت بۆئەوەی جارێکی تر باڵێکی بۆرژوازی و هەلپەرست و بەژوەندچێتی سواری شەپۆلەکانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان نەبێت. پێویستە لەبزووتنەیەکی جەماوەریدا سەرجەم ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان ڕێکخراو بکرێت، باشترین نەخشە ڕێگای ئینسانی بۆقۆناغی ئێستاو داهاتوو بزووتنەوەی شوراییە کەدەتوانێت لەم تێکۆشانەدا ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە سەرکەوتووبێت. ناکرێت تەنها لەچوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکانەوە سەیری داهاتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێت و ئاراستە بکرێت ، بەڵکو پێویستە لەناوکێشەو قەیرانەکانی کۆمەڵگەوە داهاتوو بنیاد بنرێتەوە بەگۆڕینی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو ئیدارەدانی شورای. حیزبە شیوعی و کۆمۆنست و چەپەکان پێویستە ئەو ڕۆڵە ببینەوە کە لەساڵانی پەنجاو شەستەکانی عێراق لەشارەکان لە ڕابردوو شیوعییەکان وێرای هەبوونی مەترسی زۆر لەسەرگیانیان لەناو نارەزایەتی وخۆپیشانەکانی کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێشانیدا نەک تەنها بەشداربوون بەڵکو ژیلەمۆ پێکهێنەری ناڕەزایەتییەکان بوون. هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لەساڵی ١٩٥٨ لەشارەکانی کوردستانی ئێران ئەو ڕۆڵەیان بینی لەگەشەدانی بزووتنەوەی شوراکانی خەڵک دا لەساڵی ١٩٩١ کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازو ئینساندۆست لەشارەکانی کوردستانی عیراق بزووتنەوەی شوراییان گەشەپێدا و دامەزراند هەر چەندە بەداخەوە سەرکوتکرا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کوردایەتییەوە خەڵتانی خوێن کراو چەندین کەس لەهەڵسوڕاوانی شوراکان بوونە قوربانی یادیان هەمیشە بەرزو بەرێز بێت، بەڵام بۆ قۆناغی ئێستا ڕێکخراوبونی خەڵکی ناڕازی دەبێت زۆر باشتریش بێت ئەمەش ئەرکی هەر مرۆڤێکە کەدڵی بۆ هەبوونی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر لێدەدات هەروەها حیزبە شیوعی وکۆمۆنیست و چەپەکان لەپشت میزی بارەگاو نوسینگەکانیان بێنە درەوە بچنە ناو خەڵک بۆئەوەی ناڕەزایەتییەکان لەناو بزووتنەوەی شوراکاندا ڕێکخراو بکەن و بۆئەوەی ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بکەوێتە دەست شوراکانی خەڵکی کوردستان. لەهەر ئان وساتێکدا بێت بورکانی خەڵکی ناڕازی وەک ڕاپەڕین وشۆڕش سەرتاپای کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەروەک میخائیل باکۆنین دەڵێت (شۆڕش وەک دز وایە لەشەودا دێت) ئەم وتەیە زۆر ڕاستە بۆکۆمەڵگەی کوردستان ئێستا کاتی شۆڕشی گۆڕانکاری لەدەسەڵات وکۆمەڵگە ناکرێت فەرامۆش بکرێت ئەم بزووتنەوەی گەورەی ناڕەزایەتییەی جەماوەری خەڵکی کوردستان کە ئەگەری ئان وساتی کڵپەی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەریدا وەک تارمایی دێت و دەچێت بەرەو ژانکردن لەدایکبونی دەچێت. هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت (هێزی بزوێنەری مێژوو شۆڕشە نەک ڕەخنە) کەوایە پێویستە تەنها ڕەخنە نەگرین لەسیستەمی چەوسێنەر، بەڵکو بەکردار هەنگاوبنێین بۆهێنانەدی کۆمەڵگەیەکی نوێتر و باشتر کەلەئێستاشدا باشترین هەنگاو بەشداربوونمانە لەگەشەدان بەبزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ناڕازی بە ئاراستەی ڕێکخستنی لەناو بزووتنەوەی شوراکانیاندا بەئامانجی خۆبەڕێوەبردنی خەڵکی. ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی هەڵسوڕانی حیزبەکان نایە بەڵکو، بەواتای پشتگیریکردنی حیزبەکانە لەبزووتنەوەی شورایی یە. ڕاستییەک هەیە ئەویش ئەوەیە سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری لەناو کێشەو قەیرانی گەورەدایە بەیەکەوە ناتواندرێت هەموو جیهان بگۆڕدرێت، بەڵام دەتوانین لەگۆشەیەکەوە دەست بەگۆڕینی بکەین.

کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بەچەندەها ساڵە مرۆڤایەتی بوونی دەهاڕدرێت و خۆشی و شادییەکانی لێ زیندەبەچاڵ دەکرێت، پێویستە بەیەکەوە لەبزوتنەوەی بەهێزی سەراسەریدا بڵێن ئیتر بەسە چەسانەوەو نایەکسانی و نابەرابەری. هەر ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە بکرێتە شۆڕشی گۆڕانکاری و نوێ بونەوەی کۆمەڵگە، لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسی وئیدارەیی و بەڕیوەبردندا. چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە کرداری مرۆڤ خۆیەتی لەسەر زەوی. لەکوردستانیش

بەهۆی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و گۆڕانەوە گیرۆدەیە بەچەوسانەوە، نەک کارێکی ئیلاهی وخوایی بێت، بۆیە دەبێت ئەوەبزانین کە هەر لەم دونیایەداو لە سیستەمی ئابووریدا؛ بۆ هۆکاری چەوساندنەوەو چارەسەرەکانیشی بگەڕێین. چارەسەرەکەشی مەحاڵ نییە بەڵکو بەگۆڕینی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەپارێزو دزو چەوسێنەر مەیسەر دەبێت کەحکومەت و ئیدارەدانێکی شورایی بێتە جێگای کەخەڵک بەشدار بێت لەئیدارەدان وچاودێریکردن بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتدا. دەبێت بەکردار دەسەڵات بدرێتە خەڵک لەڕێگەی شوراکانییەوە ئەمەش پێی دەگوترێت گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ژیانێکی کۆمۆنی هەرەوەزکاری، لە ئیدارەیشدا گۆڕینی دەسەڵاتە بە سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی خەڵک.

هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت (هەموو شۆڕشە گەورەکانی جیهان، پەرچەکردارێک بوون دژی تالانچێتی و داگیرکردنی موڵکی گشتی لەلایەن سەرمایەدارانەوە.) پێویستە ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی خەڵک بەو ئامانجەبێت کە گەڕانەوەی موڵکی گشتی و پارەی دزراوی گشتی بێت بۆ دەست خەڵکی کوردستان بێت نەک هەروەک ئێستا پارەو داهات بۆ سەرۆک و سکرتێرو بەرپرسە حیزبییەکانی دەسەڵات و ئەندام پەرلەمان و وەزیرو بەرپرسەکانی حکومەت وحیزب بێت. بۆیە لەئێستاوە گرینگ و پێویستە خەڵکی ناڕازی خۆی ئامادەبکات بۆ داخستنی تەواوی سەری زێرابەکە هەروەک کارل مارکس دەڵێت (شۆڕش لەبەرئەوە نەبۆتە پێویستیەک کە تاکە ئامرازێک بۆ هەڵگێڕانەوەی چینی سەروەر، بەڵکو لەبەرئەویشە کەتەنها شۆڕشە دەتوانێت ڕێگا خۆشکات بۆ ئەو چینەی کەچینێکی تر هەڵدەگێڕێتەوە، تاهەموو ئەو بۆگەناوەیش ڕابماڵێت کە بەڕژێمی کۆنەوە بەستراون و ئامادەکاریش بکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا لەسەر بناغەیەکی نوێ.) ئەرکی سەرجەم هەڵسوڕاوانی شیوعی و کۆمۆنیست وئازادیخوازو یەکسانیخوازو مرۆڤدۆستە بەکردار هەنگاو بنێت بۆگەشەدان وچالاکردنی بزوتنەوەی شوراکانی خەڵکی کوردستان هێزی گەورەی بێکاران و گەنجان ولاوانی ناڕازی خۆیان نەک بەشداربن، بەڵکو ببنەڕابەر و ژیلەمۆی هێنانەدی گۆڕانکارێکی باشتر بەقازانجی خەڵکی کرێکار وهەژارو بێکارانی کۆمەڵگەی کوردستان.

## ملهوڕی چەتەو مافیاکان تاسیستەمیان نەڕووخێت ناوەستێت

بەردەوام لەکۆمەڵگەدا چەتە و مافیاکان بەهۆی خراپی و گەندەڵی و دزی دەسەڵاتەوە هەبوون و گەشەیان کردووە، بەڵام چەتەو مافیاکانی کوردستان جیاواز لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان خودی پێکهێنەرانی سیستەم و دەسەڵاتەکەی باشووریی کوردستانن. لەسەردەمی شاخیشیاندا بەردەوام کاری ڕاوڕووت و چەتەیی و بەزۆر پارە لێ ستاندن لەخەڵکی جوتیارو زەحمەتکێشانی دێهات و شارەکان کردووە و کردوویانەتە پیشەی تێکۆشان و سەرچاوەی مانەوەیان. بناغەی بەناو شۆڕشیان (یەکێتی وپارتی) لەسەرچەتەیی وڕاو ڕووت دامەزراوە بۆیە ئیدارەی دەسەڵاتیان هەر گەندەڵی چەتەیی و دزو ڕاو و ڕووتی یە ،هەروەکو دەگوترێت خوی شیری تەرکی ناکەن بەپیری. هەروەکو پشکۆ نەجمەدین لە کتێبی ئەزمون و یاددا دەگێڕێتەوە و دەڵێت (ڕژێمی بەعس پاش ڕاگواستنی گوندەکان و کۆکردنەوەی دانیشتوانەکەی لە ئۆردوگاکاندا بە پارە قەرەبووی موڵکەکانی بۆدەکردنەوە، ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەرچەندە هۆکاری ڕووخانی ماڵ و موڵک وباخ و باخاتی ئەو خەڵکانە بووین، و بووینە هۆکاری سڕینەوەو نەمانی چەندەها دێهاتی کوردستان، بەڵام هێشتاش پاش ئەو کارەساتەش ئێمە نەوەستاین لەسیاسەتی خۆمان، ڕژێم ئەوپارەی وەکو قەرەبوو دەی دایە هاوڵاتیان ئێمە بەزۆر ڕێژەی لەسەدا پێنچی ئەو پارەیەمان لەهاوڵاتیان دەستاند..) هەروەها شەهاب کەریم لەکتێبی مێژوویێک لەلولەی تفەنگەوە، دەڵێت (ئاسۆی قومری پێشمەرگەیەکی حیزبی سۆسیالیست بوو لەلایەن یەکێتی یەوە بەدیلی دەگیرێت و زیندانی دەکرێت لەگەڵ هاوڕێیەکی دا، بۆئازادکردنی داوای ١٠٠٠ دیناری عێراقی ئەو سەردەمەی لێ دەکات، کە ئەو پارەیە بۆئەو سەردەمە زۆر بووە، ئاسۆ نامە بۆدایکی دەنێرێت، کە ئەو پارەیە پەیدا بکات، دایکیشی بەسواڵ و سەدەقەی لەخەڵک پارەکەییان بۆدەبات و دەڵێت کوڕەکەم ئازاد بکەن بەرپرسەکانی یەکێتی پێی دەڵێن تۆبگەڕێوە دواتر ئێمە ئاسۆ ئازادی دەکەین، بەڵام ئازادی ناکەن، دواتر ئاسۆ وهاوڕێیەکەی لەزیندان هەڵدێن، پاش ئەوە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێک دێنەوە ئەوشتانەی ڕوویداوە باس ناکرێن و هیچ هەقێک بۆ خاوەن هەق ناگەڕێتەوە، هەربۆیە ئەم پێشمەرگەیە کەناوی ئاسۆیە دەبێتە بەعسی و دژی پێشمەرگە دەوەستێتەوە. لەمرۆڤە بەتەمەنەکان گوێ بیست بووم و بۆیان گێڕاومەوە کە سەردەمی بەناو شۆڕش کەناسێندرابوو بە شۆڕشی ئەیلول پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق بەزۆر پارەی لەخەڵکی لادێکان دەستاند بەناوی یارمەتیدانی شۆڕشەوە. هەروەها چەند کەس و هەروەها باوکم یادی بەخێر بۆی دەگێڕامەوە کە حەسۆی میرخانی کە یەکێک بووە لەبەرپرسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەناوچەی بیتوێن بەدیاریکراوی لەشارۆچکەی چوارقوڕنە لەساڵانی بەناو شۆڕشی ئەیلولدا بەزۆر خەڵکی جوتیارو زەحمەتکێشی ناوچەکەی بانگ کردووە بۆ ئەوەی مەڕەکانی بۆ خاوێن بکەنەوە بەو مەرجەش نابێت هیچ مەڕێک بباعێنێت، چونکە ئەو کەسەی دارکاری دەکرد ئەم کارەش بەزۆرەملێ بوو بێ پارە بوو. بەدڵنیاییەوە کەسانی خاوەن ویژدان لەناوحیزبەکاندا مێژوویی ئەنجامدانی تاوان و جۆری تاوانەکانی بەرپرسەکانی سەردەمی شاخیان دەنووسنەوە.. ئەوەش بەرهەمی تێکۆشانی ڕابردوویی ئەو دەسەڵات و سیستەمی کوردایەتی و خێڵایەتی و کۆنەپارێزو چەوسێنەرو دزو گەندەڵ لەکوردستانە، هەربۆیە کە لەسەردەمی ئێستاش خەڵک ڕاپێچی هەژاری وبرسێتی وبێکاری وچەوسانەوە دەکەن. لەکۆتایی مانگی ٧ی ٢٠٢٠ هاوڵاتێکی کوردستان نامەیەک بۆ ڕای گشتی دەنوسێت و دواتر خۆی دەخنکێنت. ئەم هاوڵاتییە خەڵکی شاری هەڵەبجەیە و بەرکەوتەی چەکی کیمایییە وچەندەها ساڵ بەئازارو نەخۆشی گیرۆدەبووە، لەنامەکەی کاوە حمە امین هاتووە بەم جۆرە (کۆتایی من، ژیانێک کە تۆسقاڵی ئارامی تیا نەبێ بۆ چیمە؟ کەمن هەرگیز وەک مرۆڤ نەژیاوم حەقی ژیانێکی شایستەم پێ نەدراوە، بۆیە ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نییە، بێجگە لەخەم ژیان هیچ مانایەکی نییە، سەر شۆڕبن یەکێتی وپارتی، تەنیا یەک داخم هەیە کە ڕیسوابوونی ئێوەم نەبینی. کە ڕۆژێک هەر دەهات، بەڵام نازانم کەی لەکۆتاییدا تکاتان لێ ئەکەم ئاگاتان لەمنداڵەکانم بێت با سەرگەردان نەبن. من ئیتر بەرگەی ژیانێک ناگرم جگە لەئازارو خەم وئیش وکار هیچ خۆشیەکی نییە ژیان. خواتان لەگەڵ. لەهەرکۆمەڵگە وڵاتێکی تربووایە ئەم نامەیەو ئەم جۆرە خۆکوژی یە کەخۆی بەدەستی خۆی لەپاش ئازارو نەخۆشی لەدەستی گازی کیمیایی خۆی خنکاندبێت گەورەترین نارەزایەتی و خۆپیشاندان بۆ شەرمەزارکردن وڕیسواکردنی ئەوسیستەمە و دەسەڵاتە دەستی پێدەکرد و شەقامەکان دەبوونە مەیدانی جەنگ لەدژی ڕژێم سەرکوتگەرو چەوسێنەردا. لەگەل بیستنی هەواڵی خۆکوژی کاوەدا بەهۆی بێزاری وچەوسانەوە. هەواڵی لێدان و زیندانیکردنی کارمەندانی هاتۆچۆش دەبیستین، کەبەهۆی پێنەدانی موچەکانیانەوە نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان دەربڕیوە، بەڵام لەبەرامبەر هێزە چەکدارە داپلۆسێنەرەکانی پارێزەری سیستەم و دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەرو دز لەپۆلیسی هاتوچۆ دەدەن و بۆ چەندین کاتژمێر زیندانیان دەکەن، بەزۆر نارەزایەتییەکانیان سەرکوت دەکەن لەشاری سلێمانی. لەژێر ئەم دەسەڵات و حزبانەی پارێزەری ئەم دەسەڵاتە قازانج پەرستی سەرمایەدا، ڕۆژ نییە هەواڵی خۆکوژی و مەرگی لاوێکی تازە پێگەیشتوی دەرچوی زانکۆ یان بێکاری یاخود کرێکار ومامۆستاو پێشمەرگە و فەرمانبەرێکی بێ موچەی بێئومێد لەئێستاو لە داهاتوی نەبیستین، ڕۆژ نییە هەواڵی گیان لەدەستدان و برینداربوونی کرێکارێک نەبیستین. ڕۆژ نییە هەواڵی خنکانی چەند پەنابەرێک لە دەریای ئیجە نەبیستن کەلەدەست سیستەم دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردایەتی و خێڵایەتی و بنەماڵەیی دا ڕێگای ئاوارەیی گرتۆتە بەر و ڕۆژ نییە هەواڵی کوشتنی ژنێک نەبیستین کەبەهۆی هەبوونی سونەت ویاسا کۆنەپەرست و دژە ژنەوە ڕەشەکوژ کراوە ودواتر بکوژەکەی ئازادە و پارێزراوە. هەموو ئەمانە بەهۆی خراپی و بۆگەنی ئەوسیستەم و دەسەڵاتەی کوردستانەوەیە. ساڵانە بەهۆی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکانەوە لەکوردستان بەردەوام خەڵک زیندانی دەکرێت ئازارو ئەشکەنجە دەدرێت. لەشارەکانی کۆیە و ڕانیە وهەڵەبجەو هەولێر و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و سۆران لەساڵانی ڕابردوو هێرش کراوەتە سەر خۆپیشاندان و لێیاندراوە و مامۆستا بەرشەق دراوە و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوڕاوانی سیاسی و ئازادیخوازو یەکسانیخواز ڕفێندراون و بەناداری کوژراون وتیرۆرکراون. لەگەڵ ئەم جۆرە سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکاندا دزی وگەندەڵی زۆر زیاتربووە لەسایەی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە بۆگەن ودژە ئینسانییە لەکوردستاندا. بەردەوام لێشاوی گەنجانی بێکار زیاتر بووە و هەژاری وبرسێتی ونەخۆشی وبێ خزمەتگوزاری درێژەی هەبووە. پێویستە خەڵکی کوردستان زۆرباش بزانێت، کە ملهوڕی چەتەو مافیاکانی کودستان تاسیستەمیان نەڕووخێت ناوەستێت هەر بۆیە پێویستە ئەرک وکاری ڕۆژانەی هەریەکێک بریتی بێت لەتێکۆشان بۆڕووخانی دەسەڵاتی چەتە و دز و مافیاکانی کوردستان. چارەسەر تەنها تێکۆشانی یەکگرتووانە و هاوبەشی خەڵکی ناڕازی کوردستانە بۆ ڕووخانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە دزو کۆنەخوازو چەوسێنەرە. پێویستە ئەم شەپۆلی گەنجان و بێکاری زانکۆ و پەیمانگاکان و لاوانی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێتە شەپۆلی شۆڕش و ڕاپەرین لەدژی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە ملهورەی کوردستان، لەئێستادا کەبەهۆی دزی و چەتەیی ئەم بەرپرسانەوە ڕێژەی هەژاری چۆتە خوار هێڵی هەژاری، ئێستا هەروەک دەبینین لەئەنجامی ئەم هەموو تاڵان وبڕۆو دابەشکردنی سامان و بەتاڵان بردنەی بۆ حزب و بنەماڵەکانیان دەسەڵاتەکەیان لەڕوی ئیداری وسیاسی وئابوری وکۆمەڵاتیەوە توشی شکست و بن بەستبوون چووە. ئەم دەسەڵاتە چەتە و مافیایەی کوردستان، ئەرکی گەنجان و لاوانی کوردستان کە ناڕازین لەوجۆرە سیستەم و دەسەڵاتەی کوردستان لەجیاتی خۆ خنکاندن وخۆکوژی پێویستە خۆیان ڕێکخراو بکەن لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەری گشتیدا پێشەنگ و ڕابەربن بۆیەکخستنی نارەزایەتییەکانی خەڵک لەبزووتنەوەی جەماوەری دا لەجۆری بزووتنەوەیەکی شورایی کە ئیدارەدانی شورایی لەخۆی بگرێت. بەدڵنیاییەوە کەئەم هێزە گەورەیەی بێکاران و کرێکاران و خەڵکی ناڕازی کوردستان ببێتە یەک هێزی یەکگرتوو لەتێکۆشانێکی هاوبەشدا ڕێکبخرێت بەئاسانی دەتوانێت خودی خەڵکی ناڕازی کوردستان ئەم ڕژێمە سەرکوتگەرە ژێرەو ژوور بکات و لەجێگەی دا حکومەتێکی شورایی کەڕاستەوخۆ خەڵکی کوردستان لەئیدارەدان وچاودێریکردنی سەرجەم بەشەکانی کارگێڕی و ئیداری و دیبلۆماسیدا بەبێ هیچ سانسۆرێک تێیدا بەشداربێت مسۆگەربکات.



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



# "هیچ شوێنێك نییە بەوێنەی ماڵ بۆ مرۆڤ"

## نووسینی: هاڤین کەمال

ئەم دەستەواژە باوەی کە هەیە لەهەموو جیهاندا هەمیشە وێنایی ماڵمان بۆ دەکات بەو شوێنە ئایدیاڵ و بەهەشتەی کەمرۆڤ ئاسودەیی و ئارامی خۆیی تیا دەدۆزێتەوە، ماڵ ئەو شەڵتەرەیە کەسەلامەتی تاکەکانی تیا پارێزراوە لە جیهانی بێڕەحمی دەرەوە، و خۆشەویستی و سۆزی تیا دەدۆزێتەوە.

بەڵام ئەم دەستەواژەیە بە تەواوەتی پێچەوانە دەبێتەوە لەو ئافرەتانەی کە قوربانی فیمیساید (ژنکوشتن) و میسۆجنی (ژننەفرەتی ) دەبن.

ئێستاکە ماڵ بووە بە مەترسیدارترین ژینگە بۆ فیمیساید وکوشتنی ئافرەت و مێینە، وە پارتنەر (هاوبەشی ژیان) وباوک وبراو کەسە نزیکەکان زۆربەی جار سەرەکیترین بکوژی ئافرەتن لەکۆمەڵگایەک کە ژننەفرەتی و سێکسیزم بووە بە ئایدۆلۆژیا و نێرسالاری باڵادەستە تیایدا. ئەگەر بێنین فیمیساید(ژنکوژی) بەراوورد بکەین بە هۆمیساید (مرۆڤ کوژی)، دەبینین هۆمیساید زیاتر لە دەرەوەی ماڵ و خێزان دا ڕوودەدات و لەلایەن کەسی نامۆ و غەریبەوە بە قوربانییەکە ئەنجامدەدرێت، بە بەراوورد بە فیمیساید کە بکوژ کەسی یەکەمی خێزانی کوژراوەکەیە و لەوانەیە لەناو ماڵ و خێزانێکدا ڕوودەدات.

لەچەند ئامارێکدا کە لە ساڵی ٢٠١٧ دا لەلایەن نوسینگەی قەڵاچۆکردنی ماددەی بێهۆشکەر و تاوان (UNDOC) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، ئەوە خراوەتە بەر دیدی جیهانی بە بۆنەی ساڵڕۆژی نەهێشتن و قەلاچۆکردنی توندوتیژی لەدژی ژنان لە (٢٥ی نوفمبری ساڵی ٢٠١٨) دا . لەم ئامارانەدا بینراوە کە ڕێژەی نیوە زیاتر لەو ئافرەتانەی لەساڵی ٢٠١٧ دا کوژراون، بکوژەکەیان هاوبەشی ژیانیان یاخود یەکێک لەئەندامی خێزانەکەیان بووە. هەروەها بەپێی ئەم ئامارانە بێت لەساڵی ٢٠١٧ دا (٨٧ هەزار) تاوانی کوشتنی ئافرەت ڕوویداوە کە (٥٠ هەزار) یان واتە لە (٥٨٪) دا تاوانبار هاوبەشی ژیان یاخود کەسێک لەناو خێزانەکەدا بووە.

هەرچەندە ڕێژەی کوشتنی پیاو بەڕێژەی لە ٨٠٪ دایە لەجیهاندا بە بەراوورد بە ئافرەت، بەلام کوشتنی ئافرەت زۆربەی کات بەهۆی ئەندامێکی نزیکێتی لە خێزانەکەیدا.

هەمان ئامار دەڵێت ڕێژەی کوشتنی ئافرەت بەم شێوەیەی خوارەوەیە لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا:

هەموو جیهان بە ڕێژەی ( ١,٣ لەهەر ١٠٠ هەزار ئافرەتێک. )

ئەفریقا بە ڕێژەی ( ٣,٢ لە هەر ١٠٠ هەزار ئافرەتێک .)

هەردوو ئەمریکاکە بە ڕێژەی (١,٦ لە هەر ١٠٠ هەزار ئافرەتێک. )

ئوستراليا بە ڕێژەی (١,٣ لەهەر ١٠٠ هەزار ئافرەتێک. )

ئاسيا بەڕێژەی( ٠,٩) و لەئەوروپادا کەمترین ڕێژەیە کە بریتییە لە (٠,٧).

بەپێ ئەم ئامارانە بێت (هەموو سەری سەعاتێک شەش ئافرەت دەکوژرێت لە جیهاندا بەدەست کەسێک لە ئەندامی خێزانەکەیەوە). ئەمەش تەنیا یەک مانا دەبەخشێت کەئەویش ئەوەیە "ماڵ یاخود خێزان ترسناکترین ژینگەیە بۆ کۆشتنی ئافرەت و فیمیساید " و " چیدی ماڵ ئەو شلتەرە نەماوە کە ئافرەت بپارێزیت و سەلامەتی بۆ دابین کات و ئارامگە بێت بۆی. "

ئافرەت لەئەزەلەوەو لەو ڕۆژەوەی پێیەکانی خستە سەر زەوی لەتێکۆشاندایە، تێکۆشانێک کەهیچ کات تەنیا بۆ خۆی نەبووە، بەڵکو تێکۆشانێک بووە بۆ سەلامەتی و پاراستنی تاکی خێزانەکەی پێش خۆی، تێکۆشانێک بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونییەوە. بەڵام ئایا ئەم تێکۆشانەی چۆن هەڵسەنگێنراوە؟ یاخود چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟

هەمیشە وەڵامی ئەم دووپرسیارە کۆمەڵگەیەکی نوێخواز و مەدەنی جیادەکاتەوە لە کۆمەڵگەیەکی کۆنەپەرست و هەمەجی و بەربەری.

ئەو باوکە یان ئەو برایەی، کەتاوانی کوشتنی کچەکەی یان خوشکەکەی وەک سزادانێکی دادوەرانە ببینێت بۆ هەڵەیەک "کە لەوانەیە تەنیا لەدیدی ئەودا هەڵە بێت" کە کچەکەیان یان خوشکەکەیان کردویەتی، بێگومان پەروەردەیی کولتور ونەریتێکی پیاو سالار و باوک سالارە کەتەنیا خۆیی و نێرێکی تر وەک مرۆڤ دەبینێت. و ئافرەتیش تەنیا وەک کاڵایەک دەبینێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، کۆمەڵگەیەک هەتا ئێستاش جیاوازی ناکات لەنێوان تاوان و سزادان دا.

ڕێز گرتنی ئافرەت و لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی وەکو ڕەگەزێکی جیاواز لە نێر و ماف وەرگرتنی لەلایەن کۆمەڵگەوە، کارێکە دەبێت کۆمەڵگە فێری تاکەکانی بکات، وهیچ پێویست ناکات ئافرەت داوای مافەکانی کات لە نێرێک، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگە بۆی فەراهەم کات. ئەوەی ڕوونیشە کۆمەڵگە لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکهاتووە و بەهەردووکیان بنیات دەنرێت.

کۆمەڵگەی نوێخواز و مەدەنی دەبێت ئەو چەمکی سێکسیزم و ژننەفرەتیی یە وەلا نێت و بەئایدۆلۆژیایەکی جیاواز سەیری بابەتەکان کات و هەم نێر لە سادیزمیەکەی (حەز کردن بە ئازاردانی بەرامبەر ) و بەهەمان شێوەش مێ لەو ماسۆشیزمی (چێژ وەرگرتن لە ئازاردان) ە، ڕزگارکات کە کەلتوور و عادەت پەروەردەیی کردوون لەسەریی و سەپاندوێتی لە مێشکیاندا.

بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دوو چەمکە دەستکاری کەین کە چەمکی سێکسیزم و ژننەفرەتی یە، پێویستە ئەوە ڕەچاوکەین کە پەروەردەی دروستی ئەندامانی خێزان کایەیەکی گرنگە.

دەبێت پێش هەموو شتێک دەستکاری پەروەردەی منداڵ کەین ، منداڵی نێر وا پەروەردەکەین هەم لەناو خێزان و هەم لە قوتابخانەو هەم لە کۆمەڵگادا کە مێینەیەک هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوێکی نێردا لەڕووی ئینسانی و پێداویستی فسیۆلۆژی و ڕۆحییەوە و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ، وەلەڕووی ئەخلاقییەوە هەمان پرینسیپڵیان هەیە و هەمان مافیشیان هەیە کەپێویستە کۆمەڵگا بۆیان فەراهەم کات.

ئافرەتیش دەبێت فێر بکرێت کەهیچ شتێکی لە نێرێک کەمتر نیە ، بگرە ئافرەت بەردی بناغەی کۆمەڵگایی هاوچەرخە ، و دەبێت خۆیی وەک کاڵایەک نمایش نەکات بۆ ڕازیکردنی بینینی پیاو ، ڕێز لە بیرکردنەوەو مێشک وبیرو بۆچوونی خۆی بگرێت و چیدی نەبێت بە تەنیا ئامرازێکی چێژبەخشین بەدەست نێرەوە.

ئافرەت بەخێوکەرە ، دایکە ، خوشکە ، خۆشەویستە ، هاوڕێیە.

ئەو نێرەشی ڕێز لە پیاوەتی خۆیی بگرێت باشترین تەواوکەرو پاڵپشتە بۆ ئافرەت لەکۆمەڵگایی هاوچەرخ و نوێخوازدا..

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١ - Global Study on Homicide 2018, Gender-related killing of women and girls.

Www. UNODC . Org .

٢ - The Femicide Census.. _ Womensaids.org.uk

٣ - The women killed on one day around the world.. BBC .NEWS

**ستەمکێشی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە، بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتییە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە...**

# چەند کورتە شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)ونکوور-کانادا

## پیشکەش بە (سە روین)کە بە تاوانی خوشەویستی کوژرا



1-

لەکومەڵگەی پیاوسالاری دا

ئەروانمە پیاوان

کە چون لەگەل ئەم ژن و ئەم ژنە رادەبویرن....

بەلام بی بەزەیانە

کچەکانیان بە تاوانی خوشەویستی ئەکوژن؟!؟!

2-

کاتێک کە»سە روین«خە ڵتانی خوین بوو

گوڵ گریا

باڵندەکان ماتەم دایان گرت

مانگ و ئەستیرە بەروکی خویان دادەدری

شەو بەرگی رەشی بوو ئە ستیرەی کوژراوی پوشی

3-

کومەڵگەی پیاوسالار

چەقویەکی تیژوخویناوییە

دەستی بە خوینی هەزاران »سە روین «خویناوییە

دەبی دەستی ببرینەوە؟!؟!

4-

ژن کوژان!

دەیان هەویت

شەر لەگەل خۆر بکە ن

بەلام نازانن

کە خور بەسەر هەرچی تاریکی یە زاله

وەخورکوژان پی یان خوش بی

یان پییان ناخوش بێ

هەموو سرووی بەری بەیان

خورگشت جیهان داگیردەکا؟!؟!

5-

ژن کوشتن

یانی: مانگ کوشتن

یانی : ئە ستیرە کوشتن

یانی :خورلەسەر زەوی هەلگرتن

یانی: شەو لە مانگ و ئە ستیرە بێبەشکردن

یانی نیوەی جیهانیک کوشتن؟!؟!

6-

کە»سە روین«کوژرا

شەوم دیت!

کە سەروینی لەسەر دەستەکانی

خوی دانابو و

بە گریانەوە دیوت:

جوانترین ئەستیرەم مرد

بیرەوەریەکانی بە گشت ئەستیرەکانم سپارد؟!؟!

7-

دەسەلاتی کومەلگەی پیاوسالار

تەنیا ژن کوشتنە

هەر بویەش هەموو چەقوکان شەرمەزارن

لە کوشتنی هەرچی سەروینە

8-

ئاژەڵەکانیش مییەکان ناکوژن

نازانم کۆمە ڵگەی پیاوسالار

بۆ ئە وەندە درندەیە

کە ژنەکان دەکوژن؟!؟!

9-

دە بێ لەکومەڵگەی پیاوسالار

چەقوکان

بە خوشەویستی رابەینین

توونددوتیژی بنەبرکەین

گورانی خوشەویستی بخوینین؟!؟!

10-

ژن کوژان!

دەتوانن:

»سەروینە »کان بکوژن

بەلام بی گومان هەرگیز ناتوانن

خوشەویستی بکوژن

11-

ژن کوژان

روخساری قەلەرەشەیان

سپی کردووە

وە روخساری خویان رەش

12-

مانگ بە گریانی ژنیک

وە خەبەرهات

کە دیتی:گولیک خەلتانی خوینە

ئەو شەو مانگ تاکوو بەیانی

لەسەر تەرمی ئەم گولە گریا

بەیانیش ئەم گوڵەی لە نیگاکانی خوی ناشت؟!؟!

---

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا



# بەشێکی تر لەدەقی

## (( بەباران بڵێن بەڕووتی لێرەوە نەڕوات))

قەوسێکم بەرێ
باقەسیدەیەك بنوسمەوە بۆنی مردنی
لێبێت و سەری لەگوێی قەبر بلەرزێت
ئاخر بەم هەموو شپرزییەێ خۆمەوە
چۆن دەتوانم
ناونیشانێك
بۆئەم هەموو حوزنەی خۆم بدۆزمەوەو
بەسەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی درۆزن بڵێم
تکایە هیچ
شتێك لەسەر ونبونی من بڵاومەکەنەوە
منێك ئەوەندە پەنجەم خستە سەر زەنگی
دەرگای ماڵی ژیان و لێنەکردمەوە
تەریق دەبمەوە

قەوسێکم بەرێ
بابەسێبەر بڵێم ئەگەر دارتوەکەی دایکم نەبوایە
تۆ ئەوەندە شیرین نەدەبویت و
ئەوەندە بەکەڵەگەتی خۆتەوە نەتدەنازی
تکایە ئەوەندە بەدوای مندا مەگەڕێ و
ئەوەندە دەست بەپلۆم بوکەکەمدا مەکەو ئەوەندە
مەچۆرە ناو فەیسبوکەکەمەوەو
ئەوەندە بۆنی جلەکەنم مەکە

تەریق دەبمەوە ئەوەندە بەژیانم ووت
توخوا ئەگەر زەحمەت نیە بەلاتەوە
قۆپچەی کراسەکەم بۆداخەو
پێنج دەقەیەك لەگەڵما بوەستەو
بەدزی بارانەوە باسی ئەو ڕەشەبایەم بۆبکە
کە چەندجارێك بەخەنجەرێکی کولەوە
هەڵیکوتایە سەرم و
هەڕەشەی کوشتنی لێکردم

ئەوەندە بەژیانم ووت
لەڕێی خواداا چەند ڕۆژێکی
ترم بەقەرز بەرێ هەتابتوانم
ئەدرێسەکەم بخەمەسەرباوکم و هیچ کەسێك
ئەوەندە بۆڵە بۆل بەسەرما نەکات و
پێم نەڵێت بڕۆدەرەوە

قەوسێکم بەرێ
بابەسەر نوسەری ڕۆژنامەیەك بڵێم
بنوسێت پیاوێك هەیە سێبەر دەفرۆشێت و
هەتاو دەدات بەکۆڵێ بارانا
هیچ تێنەگەشتم
نەمزانی بۆ بەهاو دەڵێم من زۆر لەتۆ تینوترم
زۆر لەتۆ زیاتر تەنیایی خۆمم ژەندو
زۆر لەتۆش زیاترپێکەنیمم هەراج کردو
کەسێکیش پێی نەوتم

بێعەقڵیت باش

قەوسێکم بەرێ
هەتا بەخوا بڵێم ئەترسم وات نیازبێت
بتەوێ جارێکی تر زیندوم کەیتەوەو
پێمبڵێیت ئەمجارەیانت باش
ئەمجارەیانت خۆش
نا خودایە مەمنونت نەبوم و
نامەوێت زیندوم کەیتەوەو
نامەوێت منەتی ئەم ساڵانەم بەسەردا بکەیت
کەپڕبون لەئاهی سەردو جەستەی
خوێناوی

قەوسێکم بەرێ
با بەئاوێنەکان بڵێم ئەرێ
ئەم دەموو چاوە مرومۆچانە بێزاری نەکردون
ئەی ئەم مرۆڤە دوو ڕوانە خۆتیان لەبەرچاو
نەخستیت
خودایە منەتی ژیانم بەسەردا مەکە
من بەجەهەنم ڕازیترم لەوەی
ئەوەندە بیدەیت بەڕومداو پێم بڵێیت
من دروستم کردویت

قەوسێکم بەرێ
بابەسەر نوسەری ڕۆژنامەکی
ئەم (کاتەتان باش) بڵێم
ئەرێ ئەم هەموو درۆیە چییە بەدەم
خواوە دەیکەن و کەی خوا وتویەتی
موسا کوڕی منەو دنیاشم
لەبەرخاتری ئەو دروستت کردوە

هیچ تێنەگەشتم
ئەوەندە بەژیانم وت دەرگاکەم لێبکەرەوە
سەرما هەراسانی کردوم
تەنیایی چاوم لێبزدەکاتەوە
مردنیشت لەبەرچاوم خستم
خودایە مەمنونیم
زیندوم مەکەرەوە
................

**میرزا**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# تیۆری ئەدەبی لە شیعری شەوی حەوتەمی سالّح بێچاردا




نووسینی جەمال نوری

دیارە ئەدەب لە توێژینەوەی و هەڵسەنگاندندا تیۆری لە خۆگرتووە، تیۆری ئەدەب یاخود تیۆرە ئەدەبییەکان دەتوانن رێگەی جۆراوجۆر لە پێناسەکردنی ئەدەبدا بخەنە ڕوو، ڕەنگە هەر پێناسەیەک جۆرە هەوڵدانێکی تیۆری بێت، پێناسەی تیۆرەکان جیاوازن. ئەوکەسەی وەک وتەبێژ لێدوانی لەسەر ئەدەب داوە و تیۆریزەی کردووە پێی دەوترێت (تیۆریستی ئەدەبی) تیۆری ئەدەبی وێنەی ئەدەب دەکێشێت، هەندێ جار دەتوانین لە ئەنجامی ململانێی هەڵوێستەکانەوە جیاوازی نێوان تیۆرە ئەدەبییەکان بدۆزینەوە.

وەک لەشیعری شەوی حەوتەمی سالّح بێچاری شاعیردا بەڕوونی هەست بەمەدەکرێت،" بێچار " لەم شیعرەدا کە بۆ هاوڕێی شەهیدی قەڵەم (بەکر عەلی) نوسیوە، بەشێوەیەکی فۆرمالیستی توانیویەتی بەزمانێکی ئێستاتیکا و زمانی شیعریی موخاتەبەی زوڵمێک بکات، زوڵمێک مەگەر لە (حەزرەتی یوسف) کرابێ، ئاوها گرێیداوەتەوە بەو غەدرەی لە بەکر عەلی شاعیری دەکەن و بەناڕەوا خوێنی دەڕژێنن،

سالّح بێچار لەم شیعرەیدا دەیەوێ خوێنەرانی جدی و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب ڕابگرێ و بەرەو تیوریزەکردنی دەق و شۆڕیان بکاتەوە بەناو دەق و زمانی شیعری و مێژووی نوسینی دەقەکانی بەکر عەلی شاعیر، ئەم هەوڵەی سالّح بێچار لەڕێگای دەقە شیعریەکەیەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پێویستە چۆن لێکۆڵینەوە لە ژانەری ئەدەب بکرێ، نەک هەر ئەمە بەس نییە لای بێچاری شاعیر، بەڵکو مەبەستێتی لە چییەتی ئەدەب بکۆلرێتەوە. هەڵبەتە چۆنێتی و چییەتی لەئەدەب، پێویستی بە چوارچێوەیەکی گشتی هەیە کە وێنە گشتییەکەی دەق بخاتە ژێر شەن و کەوی خۆیەوە ئەویش لەڕێگای تیوری دەقەوە ئەنجام دەدرێ؟

. سالّح بێچار گەرچی دەقەکەی گوزارشتە بۆ هاڕێیەکی شاعیری شەهید کراوی کە بەکر عەلی یە، بەڵام شاعیر دەیەوێ ئەم موخاتەبە شیعریەی لەڕێگای تیوری ئەدەبیەوە لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێ، چون تیوری ئەدەبی لە ڕووی نەزەریەوە پەیوەستە بەزمانی شیعری و خەیاڵ و فەنتازیا وەک لە ئەتمۆسفیری سالّح بێچاردا بەستراوەتەوە بە میتۆدی نوسین و ئایدیای قەڵەمی هاوڕێ شەهیدەکەی کە بەکر عەلی یە، واتە بێچار دەیەوێ دوو دەق ئاوێزانی یەکدی بکات لەڕووی فۆرم و ناوەرۆک و ئایدیای نوسین و ئێستاتیکای بیرو جوانی لەهونەری نووسیندا...

وەک لە سەرەتای شیعرەکەیدا سالّح بێچار دەڵێت;

وەرە و ئەمشەو لە تەلیسمی

(بوون) و (نەبوون) ڕابمێنە

ناوێکی نوێ

بۆ سەردەمی (شاڵ) و( دۆلار) دابهێنە!

سالّح بێچاری شاعیر، زۆر بەشێوەیەکی لێزانانە هاتوە دوو زەمەن دوو قۆناغی جیاواز لە ڕووی پێکهاتەی جوراوجورەوە ، بە دەقی شیعری ئاوێتەی یەکتریان دەکات، بەمەرجێک دوو قۆناغەکە دوو زەمەنی جودا لە نوسینی دەقی شیعری ئاسان نییە، ئاوها هارمۆنیەتی نوسین بەیەکەوە ئۆرگانیزەی بکات، چون هەردوو دەقەکە چ دەقە شیعریەکەی بەکر عەلی شاعیر وچ دەقەکەی بێچار لەدوو سیاقی جیاوازدا نوسراون، بەڵام ئەمە سەلیقەیی شاعیرە دێت ئێش لەناو تیوریزەی دەقی شیعریدا دەکات و دووقۆناغەکە لە فۆرمەلەی دەقی شیعریدا بەرجەستە دەکات وەک ئەوەی دوو زەمەن و دوو قۆناغەکە، زادەی یەک زەمەن یەک سیاقی مێژوویی بێت.

لای شاعیرانی پێشوتریش ئەم شێوازی ئێشکردنە لەناو دوو زەمەندا کراوە، بەڵام بە فۆرمێکی تر ئاماژەی پێدراوە، گەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانە سەیریان بکەین دەبینین دوو زەمەنی دەق لای شاعیرانی پێشوتردا هەست بەدوو قۆناغەکە دەکرێت، بەجیا، بەڵام لای بێچار بەهیچ شێوەیەک هەست بەمە ناکرێ، بەڵکو زیرەکانە پەنجەی لەسەر چەند دەستەواژەو فۆرمێک داوە کەلای بەکر عەلی دەلالەتی خۆی هەبووە و لای بێچاریش بوەتە پرسیارە جەوهەریەکەی و توانیویەتی لەم ڕێگایەوە بیوروژێنێ، وەک دەڵێ:

وەرەو ئەمشەو تەماشاکە

کەشاعیرێک شەهید دەکرێت

پەپوولەکانی" باوە نوور "

ئەم جەنگەڵستانی مەرگە جێدەهێڵن.

دەفڕن بەرەو گوڵستانێکی ئێجگار دوور

سالّح بێچار بەبەکاربردنی ناوی (باوەنوور)، کە پێشتر بەکر عەلی ئاماژەی پێکردوە بەشیعر و ئاوها دەڵێ:

وەک پەپوولەی سەربەرزەکانی (باوەنوور)

ئاخر گوڵم بۆ حەبیبەکەی شارەزوور

ئەم دڵە باڵندەیەکەو شەوانە دێ

بێچار بەناوهێنانی وشەی باوەنوور جارێکی دی لە دەقە شیعریەکەیدا، گیانێکی نوێ و زیندووی کردۆتەوە بەری باوەنوورەکەی بەکر عەلی و بەبێ ئاگایی بوون لە باوەنوورەکەی بەکر عەلی مەحاڵە ڕەخنەگر بتوانێ لە باوەنوورەکەی بێچار تێ بگات، واتە تەوزیفکردنی باوەنوور لەنێو دوو دەقی شیعریدا هەریەکەو بەفۆرمێک دوو دەلالە و واتای گەڕان و پشکنینی شاعیرمان پێ نیشان دەدا بۆ ناو دەقەکانی بەکر عەلی کە بەچ ئالیەتێک ئەم ناوەی بەکارهێناوە و لای سالّح بێچاریش، هەمان پرسە لە مەدلولێکی تردا کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناو دەقەکەی

بەکر عەلی و سالّح بێچار دەپرسێ وەرەو ئەمشەو تەماشاکە

کەشاعیرێک شەهید دەکرێت، پەپوولەکانی باوەنوور جەنگەڵستانی مەرگە بەجێ دەهێڵن، واتە لەیەک کاتدا بێچار دەڵێ ئەو پەپوولانەی باوەنوور هەمان پەپوولەی باوەنوورەکەی بەکر عەلی ین، بەڵام لە فۆرمێکی تردا وێنای کراون، پەپوولەکانی سالّح بێچار لە گوڵستانی باخ و ئەویندا نین، بەڵکو بەمەرگی شاعیرێک ئەوانیش ئەم جەنگەڵستانی خوێنڕشتنە جێدەهێڵن و لەئاسمانی تەم و بۆنی خوێندا هەرگیز نافڕن .

سالّح بێچاری شاعیر، لەنێو پانتایی دوو دەقی بەکر عەلی شەهید دا، دیزانی بۆ نوسینی دەقە شیعریەکەی خۆیکردوە و وەک ئەندازیارێک خشتی وشەکانی جوان و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دابنێ،

وەک دەڵێ;

وەرەو ئەمشەو سەرنج بدە

کەشاعیرێک بێدەنگ دەکرێت

بزانە چۆن،

نەک توولە ڕێ، نەوەک قەدپاڵ

گوێژە بەجارێک گڕ دەگرێت

وەرەو ئەمشەو،

کاتێک ناکاو لەپشتەوە چاوت دەگرێ

چەندە سەیرە،

ئەودەستانە بەهەستی تۆ بەدەستی تۆ

نامۆنین و بۆنیان دەکەیت

خۆ دەستەکانی (نیشتە)

هێشتا بۆنی پێش دەستەمۆبوونیان لێدێت

ئەوەی مەبەستە لەدیدی شاعیردا و پێمان دەڵێ ئەو دەستانەی لەپشتەوە چاوتیان گرتی، بە هەستی تۆی شاعیر نامۆ نەبوون و بەبۆنکردنیان دەیاناسیتەوە، هەمان ئەو دەستانەنەی ناو نیشتمان بوو، لەنامۆبوونی تۆ تێنەگەیشتن.

دواتر سالّح بێچار درێژە بە موخابەکردنەکەی دەدات لەگەڵ بەکر عەلی شاعیردا و دەڵێ;

چاوەکانت دەکەیتەوە

چی دەبینیت؛

ئەو پرچانەی لە ڕۆژگاری تۆ ڕەشتر بوون

سپی.. سپی

بەفری شەرم و پەشیمانی سپی کردوون

ئیتر ناچن بۆ سالۆن تارا و تریفە

تۆ دەتوانیت

لەو ڕەشەبایەش خۆش ببیت

خۆت واتەنی

"تەنها شەوێ

لە حەوشەیانا نووستبێ"

ئەو پرچانە ئەمێستاکە

لە کفنەکەی یەکەم ڕۆژت سپیترن!

سالّح بێچار بەشێوەیەکی ئێستاتیکای جوانی هەڵکۆڵینی لەناو دەقە شیعریەکەی بەکر عەلی دا کردوە و بەهەمان موفردەی شیعری خودی بەکر عەلی دێت و جارێکی تر وتوێژی شیعری و تیوری ئەدەبی لەنێوان خۆی و بەکر عەلی دا دروست دەکات و بەم ڕێگایە خوێنەرەکانی بەرەو خوێندنەوەی دیوانە شیعریەکەی بەکر عەلی شاعیردا دەبات (ئەو شەوانەی لەپرچەکانت ڕەشتن) ئەمێستاکە بەفری شەرم وپەشیمانی سپی کردوون، دواجار سالّح بێچار تۆوی مروڤدۆستی دەچێنێ، نەک مەرگ و دەڵێ ئیدی دەتوانی لە و ڕەشەبایەش خۆشبی کە شەوێک لەحەوشەیاندا نوستبێ ..؟

سەرەنجام لەڕێگای ئەم دەقە شیعریەی شاعیر سالّح

بێچار و فۆرمەلەکردنی لەگەڵ دەقێکی بەکر عەلی و موخاتەبەکردنی دەمانگەیەنێ بەوەی کە هەست بە جیاوازییەک لە نێوان تیۆری ئەدەبی ڕەخنەی ئەدەبی بکەین.

. ئەگەر سەیری (ڕەخنەی ئەدەبی) بکەین زیاتر گرنگی دەدات بە خوێندنەوەو ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکان لەمەوە ئەدەب دیاری دەکرێت. بەڵام (تیۆری ئەدەبی )زیاتر بە دوو ئەرک هەڵدەسێت،

یەکەم: پێوانەیەکمان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ دیاریکردنی ئەدەب لە(شوێندا،) هەروەها زانیاری ئەم پێوانەیەمان دەداتێ لە (کردەی )ڕەخنەییدا.

دووەم: پێویستە تیۆری ئەدەبی زانیاریمان بداتێ دەربارەی میتۆدەکان و ڕێسای کارکردن کە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی تەنها پرسیاری دەق نەکەین واتا تەنها لە دەق نەکۆڵینەوە بەڵکو ڕێگەکانی ناو دەقیش بخوێنینەوە و شرۆڤەیان بکەین، لەم ڕاڤەکردنەدا پێویستە جیاوازی پێک بهێنین لە شێوازو جۆری ڕەخنەکاندا. ئەوەی لەتیۆری ئەدەبیدا زۆر گرنگی پێدەدرێت، ئەم پرسیارانەیە ئەدەب چی یە؟ تیۆر چی یە؟ ئەمە لە کاتێکدایە، ئەم دوو لایەنە لە ژێر(تیۆری ئەدەبی) خەملێنراو

**تێبینی/سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە**

*** ئاماژەیە بە ناونیشانی شیعری "ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن" ی شاعیر کە بریتییە لە شەش شەو، هاوکات ناونیشانی یەکەم نامیلکە شیعری شاعیریشە کە ساڵی ١٩٩٢ بەچاپی گەیاند.**

**دیوانی بەکر عەلی ،ئەو شەوانەی لەپرچەکانت ڕەشترن**

**دیوانی سالّح بێچار - لاپەڕە 315**

# بنەماڵە گەندەڵترین ئۆرگانی ناو کۆمەڵگە و هۆکاری توندوتیژی بەدژی ژنان



نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک لە بنەماڵە بدەین دەتوانین بڵێین یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لە ژن و پیاوە کە لە ئاکامدا منالّیان دەبێ و لەناو کۆمەڵگەیەکی بچووک بەیەکەوە ژیان دەکەن. هەڵبەت پێناسەیەکی تر لە بنەماڵە ئەوەیە کە چەند کەس بەهۆی بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەناو ماڵێک و لە شوێنێک دەژین. پێناسەی بنەماڵە و کلتووری بنەماڵەکەکان بەپێێ چەشنی هەڵکەوتەیی و شوێنی جوگرافیایی دەگۆڕدرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆدەگرێ. بنەماڵە یەکەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵگە واتە کۆمەڵگەیەکی بچووکە کە ڕاستەوخۆ پەیرەوی لە کلتور و یاسای کۆمەڵایەتی دەکات کە کۆمەڵگەش ڕاستەوخۆ لەسیستم و دەوڵەتەوە پەیرەوی دەکا، بۆیە بنەماڵە قەت ناتوانێ بە تەنیا بڕیاردەری پەروەردەی مرۆڤ بێ و ڕاستەوخۆ پەیڕەوی لە سیستمی حاکم بەسەر ئەو ولاتەدا دەکات. هەر وەک ئاماژەمان پێدا لەناو هەر وڵاتێک شێوە و پەروەردە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بنەماڵەیی دەگۆڕدرێ کە لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینە ڕوو. لەناو وڵاتانی ئەوروپایی بەهۆی بوونی خەباتی ساڵەهای ساڵی چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و ئازادیخوازان بنەماڵە نەقش و ڕۆڵ و پەروەردەی باشترە تا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە نەقش و ڕۆڵی بنەماڵە بۆ چەوساندنەوەی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە ئەو وڵاتانەی کلتوری چەق بەستووی ئایین و پیاومەزنی تێیدا زاڵە و ئایین بە تایبەت ئایینی ئیسلام ڕاستەوخۆ شوێن دانەری هەیە لەسەر بنەماڵەکان و بنەماڵەی کردووە بە گەندەڵترین ئۆرگانی چەوساندەوەی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی. لەو ولاتانەدا بەهۆی ئەوەی هەموو سەرمایە و ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی ڕاهێنان بە تایبەت سیستمی فێرکردن و پەروەردە لەبەردەستی سیستمێکی ئایین سالار و پیاومەزنە ژنان هەمیشە قوربانی سەرەکی توندوتیژین. یاسا لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی تا ڕادەیەکی زۆر لە پشت ژنانە و بەرگری لە مافیان دەکات و تاوانبارانی کردەوەی توندوتیژی سزا دەدات، بەڵام لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست یاسا بە ئامانجەوە پشتگیری لە قوربانیانی توندوتیژی ناکات و بەو هۆکارە ژنان لەناو ئەو کۆمەڵگەیانە کاتێک توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ بێ دەنگی هەڵدەبژێرن. توندوتیژی بۆتە میوانی ساتەکانی ژنان و ژنان بە کلتوری بێ دەنگی لەبەرامبەر ئەو تاوانە قیزەونە ڕاهاتوون. سیستم بە ئامانجەوە بە دانانی ئەخلاقیانی ئیسلامی کە بەردەوام لەناو کۆمەڵگە بەرهەمی دەهێنێ، کۆمەلگە و بنەماڵە بەو ڕاستایە هیدایەت دەکات و بنەماڵەکانیش نەقش و ڕۆڵی نەرێنی و مەترسیداریان لەو پەیوەندییەدا هەیە. لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و ئیسلامیەکاندا بنەماڵە بە جێگای ئەوەی شوێنی ئارامی و هێمنی و ئەمنیەتی ژنان بێ، بۆتە مەترسیدارترین شوێنی ژیان کە سوکایەتی و لێدان و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی تێیدا پەیرەو دەکرێ. ئەو ژنانەی لە ناو ئەو کۆمەلگەیانەدا دەبنە قوربانی کردەوەی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە کەم نین زۆرجار ئاستی توندو تیژیەکە ئەوەندە مەترسیدارە کە خۆی لە سڕینەوەی جەستەی ژناندا دەبینێتەوە و دادگا و ڕێسا لەو نێوەدا تەنیا ڕۆڵی دیکوریان هەیە. بەداخەوە ساڵەهای ساڵە بنەماڵە لەخزمەت حاکمانی سەرمایەدایە و ئامانجەکانی سیستم بۆ چەوسانەوەی ژنان بەرێوە دەبات. لە ڕاستیداو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی لەناو ئەو بنەماڵانە تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکو توند دەرونی و توندوتیژی هزری‌و پەروەردەیی‌و هتد... دەگرێتەوە. لەسەرتاسەری جیهان و لەرادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتییە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێکردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر ڕۆح و ڕەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندوتیژی لەناو بنەمالەکان، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالییەوە دەست پێدەکات و لەهەر زەمەنێکدا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆ دەگرێ و، سیستمی سەرمایەداریش لەبرەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ. توندوتیژی تایبەت بەنیزامی چەوسێنەری سەرمایەداریە کە مانەوەی لەگرەوی هەڵسوکەوتی توندوتیژ بەدژی مرۆڤەکانە. بنەماڵە بۆتە شوێنی دەستریژی بۆسەر ژنان بە بیانووی مارەیی و فرۆشتنی ئەوان بە بیانووی بڕە مارەیی، بۆتە شوێنی کەم ئەندام کردنی ژنان کە دەتوانین باس لە خەتەنە بکەین. بنەماڵەکان لە ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بۆتە شوێنی ئازار و سوکایەتی و بە کەم گرتنی ژنان کە هەمووی لە ڕوانگەی مڵکایەتی ژنەوە واتە مالکیەتی خسوسی سەرچاوە دەگرێ. لەناو ئەو جۆرە بنەماڵانەدا ژنان مڵکی سەرەکی پیاون و پیاو هەرجۆر کە مەیلی لەسەر بێ لەگەڵ ئەو مڵکەی هەڵس و کەوت دەکات. کۆمەڵگە و بنەماڵەی سیستمی سونەتی و دواکەوتووو سەرمایەدار کە دوو ئەبزاری ئایین و پیاومەزنی بۆ چەوساندنەوەی ژنان لەبەر دەستە بۆتە شوێنی کوشتن و بڕینی ژنان و بکەرانی ئەو جینایەت و ستەمە گەورە بەگشتی بکوژانی ژنان لە ناو بنەماڵە لە ئەندامانی بنەماڵە وەکو و باوک، برا، خاڵ، مام، زاوا و تەنانەت پیاوی دراوسێ پێک دێ، چونکە کاتێک لەناو ئایینێک دا باس لە بەردبارانی ژنان و مارەیی و کڕین و فرۆشی ژنان بکرێ و ئەو ڕوانگە و هزرە دواکەوتوو و مەترسیدارە بەردەوام دەرخواردی تاکەکان بدرێ بێ گومان ئەندامانی کۆمەڵگەی بچووکیش کە ناوی بنەماڵەی لێنراوە ئیزن بە خۆیان دەدەن ببنە حاکم و بەرێوەبەری ئەحکامی خوایی و بۆ بەریوەبردنی ئەو ئایینەش لە هیچ جینایەتێک سڵ ناکەن. بۆیە دەتوانین بلێین بنەماڵە لە ناو سیستمی سەرمایەداری وئایین سالار و پیاومەزنی هۆکار و پەرەپێدەری توندوتیژی بە دژی ژنان و تا کاتێک سیستەم سیستمێکی مرۆڤ تەوەر نەبێ ناتوانین چاوەروانی ئەوە بین بنەماڵەکان ڕۆڵی بەرچاو لە پەروەردەی مرۆڤدا بگێڕن.

# فیدراسیۆن ئاماری سەرەتای (دە) مانگی ڕابردووی پەنابەرانی عێراقی لەتورکیا بڵاودەکاتەوە...

بەپێی ئەو ئامارانەی بەرێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی تورکیا دەربارەی پەنابەران دەیخاتە ڕوو لەماوەی دە مانگی ڕابردوودا (٩٦،٥٩٠ ) نەوەت و شەش هەزارو پێنچ سەد و نەوەت پەنابەر




لە سنورە دەریایی و وشکانیەکانی تورکیا دەستگیرکراون کە بەنیازبوون بەرەو ئەوروپا بڕۆن، کە لەو ژمارەیە ( ٢،٢٧١ ) دوو هەزارو دوو سەدو و حەفتاویەک پەنابەریان پەنابەرانی کوردستان و عێراقین.

وە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا لە دەریایی ئیجەدا لەلایەن پۆلیسی ئێشکگری دەریایی تورکیاوە (١٦،٨٦٩ ) شانزە هەزارو هەشت سەدوو شەست و نۆ پەنابەریش ڕزگارکراون کە زۆرینەیان دوای گەیشتینیان بە سنورە دەرياييەكان و دوورگەکانی یۆنان لەلایەن پۆلیسی ئێشکگری دەریایی یۆنان دیپۆرتی سنوری دەریایی تورکیا کرابوونەوە کە لەکاتی گەڕانەوەیاندا تووشی دەیان گیروگرفت و ڕووداوی نەخوازراو بوونەتەوە لەوانە (تەقین و وەرگەڕان و لەکارکەوتنی بەلەمە چوپەکانیان ...وە زۆرترین کاتی گەشتکردنی پەنابەرەکان لە دە مانگی رابردووی ئەمسالّدا لە مانگەکانی (ینایر ، فیبرایەر ، مارس) دابووە وە زۆرترین ئەو شارو ناوچە سنوریانەشی کۆچیان لێوەکردووە بریتین لەئەزمیر: ناوچەکانی/ تشیشمی، دیکیلی، مۆغەڵا :ناوچەکانی/ مەرمەریس، داتکا، فەتحیە، ئایدن: ناوچەکانی/ کوساداسێ، دیدیم، بالیکسیر:، ناوچەکانی/ ئایڤالیک...

هەر لەماوەی دە مانگی ڕابردوودا لە سنوری دەوڵەتی تورکیادا ( ١٢٢ ) سەدو بیست و دوو پەنابەر گیانیان لەدەستداوە کە زۆرینەیان لەسنورە دەریاییەکانی نیوان تورکیاو یۆنان بووە لە دەریایی ئیجەدا.

هەرچەندە هیچ زانیاریەک نەدراوە کە ئاماژە بە ناسنامەی ئەو پەنابەرانە بدات کە ژیانیان لەدەستداوە، بەڵام بەپێی ئەو پەیوەندیانەی لەلایەن پەنابەران و کەسوکاریانەوە بە فیدراسیۆن دراوە وە بەپێ چاودێری وردی ئێمە زۆرینەی ئەو پەنابەرانەی لەم دە مانگەدا ژیانیان لەدەستداوە بەتایبەتی لەدەریایی ئیجەدا بریتین لە پەنابەرانی (کوردزمانی سوریا وعێراق و ئێران وە پەنابەری ئیرانی و ئەفغانستان لەگەڵ چەند پەنابەرانی ولاتانی عەرەبی و ئەفریقی بوون.

سەبارەت بەدەستگیرکردنی (قاچاخچی) لە ماوەی دە مانگی ڕابردووی ئەمسالّدا( ٣،١٨٧ ) سێ هەزارو سەدو هەشتاو حەوت قاچاخچیش لە تورکیا دەستگیرکراون بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە پەنابەران رەوانەی دادگاکانی تورکیا کراون و زۆرینەشیان سزادراون کە کەمترین سزایان (٩) نۆ ساڵ زیندانیکردن و ( ٢٣،٠٠٠ ) بیست و سێ هەزار لیرە غرامە کردنە سەبارەت بە داواکردنی مافی پەنابەرێتی نیودەوڵەتیش لە تورکیا تا ئێستا هاوولاتیانی کورستان و عێراق لە ڕیزبەندی دووەمن بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی نیودەوڵەتی تایبەت بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCR بۆ کاروباری پەنابەران کە لەساڵانی ڕابردوودا بۆ چەندین ساڵ لەسەریەک هاوولاتیانی کوردستان و عێراق لە ریزبەندی یەکەمدابوون

ئامادەکردنی: هیوا خدر

# کاکە لاو تەحسین: ڕیفراندۆم لە بنەمادا بۆ فشار بوو نەوەك بۆ دەوڵەت و دروستکردنی قەوارەی دەوڵەتی کوردستان!

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز کاکە لاو تەحسین چاودێری سیاسی، سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەر و کارنامەی تاوانکارانەی بزوتنەوەی کوردایەتی...



**بۆپێشەوە: لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا باڵێکی ناو یەکێتی کرێگرتەیی بۆ ئێران و بەغدا ئەنجامدا، لەبەرامبەر بە ڕیفراندۆمدا، بۆچی ئەوەیان کرد؟**

**کاکە لاو تەحسین:** ١٦ی ئۆکتۆبەر کاتێک ئەنجامدرا ڕیفراندۆم کۆتایی هاتبوو و ئەنجامەکانی ڕاگەیەندرابوون، هەروەها سەرۆکی هەرێمی ئەو کات (مەسعود بارزانی) پەیامی کارنەکردن بە ڕیفراندۆمی ڕاگەیاندبوو. ئەوەی ڕوویدا؛ دەتوانم بڵێم بڕیاری یەک لایەنە و چەند مانگ پێش ڕیفراندۆم بوو لە لایەن حکومەتی عێراق و بە پاڵپشتی ئێران.

> **ئەوەی ڕوویدا؛ دەتوانم بڵێم بڕیاری یەك لایەنە و چەند مانگ پێش ڕیفراندۆم بوو لە لایەن حکومەتی عێراق و بە پاڵپشتی ئێران.**

ئەوەی باڵێکی ناو یەکێتی کردی و هاوکاربوو لەگەڵ حکومەتی ناوەند؛ بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم/ بۆ پاراستنی چەند دەستکەوت و پلە و پۆست دەگەڕێتەوە لە کەرکوک بۆ یەکێتی. لە کاتێکدا عێراق هەر دەگەڕێتەوە!

دووەم/ بۆ لێدان بوو لە پارتی و تۆڵەکردنەوە لە مەسعود بارزانی!

لەهەردوو هۆکارەکەشدا یەکێتی بەتایبەت و پرسی کورد بەگشتی زیانیان لێکەوت و عێراقیش قازانجی کرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا بەشێک لە حزبەکان، بێدەنگیان هەڵبژارد، هۆکاری بێدەنگی ئەو حزب و لایەنانە چی بوو؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بێدەنگی حزبەکان ئەوەبوو کە نەیاندەویست بەشداری بەرەی لایەنگری هیچ کام لە یەکێتی و پارتیدا بکەن، چونکە ئەگەر لە دژی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوونایە؟ بەمانای لایەنگری لە پارتی و ڕیفراندۆم دەکەن...

ئەگەر لەگەڵ ١٦ی ئۆکتۆبەر بوونایە؟ مانای وایە پشتیوانی یەکێتی دەکەن لە دژی ڕیفراندۆم! ئەم جۆرە لە هەڵوێستی دابەشکاریەی حزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی دەمێکە بوونەتە گرفتی بەر پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، و نەتوانن بەڕاشکاوی سیاسەت بکەن لە هەرێمی کودستان.

**بۆپێشەوە: کاریگەری ١٦ی ئۆکتۆبەر لەسەر دۆخی کوردستان چی بوو؟**

**کاکە لاو تەحسین:** ناوچەکوردستانی و کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە کەرکوکیشەوە لەدەستدران. کورد لەو ناوچانە و لە کەرکوک بەتایبەت دابەش بوون، پارێزگاری کەرکوک درایەوە پێکهاتەی عەرەبی لە کەرکوک، لە کاتێکدا لە دوای ٢٠٠٣ ەوە ئەو پۆستە بەدەست پێکهاتەی کوردەوە بووە! کارتی دانووساندنی کوردی لەسەر ماددەی ١٤٠ و ناوچە کوردستانیەکان لاواز بوو. بەگشتی دەتوانم بڵێم ئەوانە گرنگترین ئەو کاریگەریانە بوون کە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەدوای خۆیدا هێنای.

**بۆپێشەوە: کوردستان بە فەرمی بەشێکە لە هەرێمێکی فیدرالی عێراق، هێرشی چەکداری لەلایەن بەغداوە بۆسەر هەرێمێکی خۆی، هەڵگری چ واتایەکە؟**

**کاکە لاو تەحسین:** ئەگەر بەمانای یەک دەوڵەت ڕاڤە و شیکاری بکەین؟ ئەوا بەشەڕی ناوخۆی عێراق و کێشەی ناوخۆ دادەندرێت. لە ڕوانگەی دەستووریش قسەی لەسەر بکەین، ئەوا بەگوێرەی ماددەی ١٤٠ ناوچەی جێ ناکۆکن. واتە نەبۆ کوردە و نە بۆ عەرەب و تورکمان یەکلانەبۆتەوە. بۆیە بەزۆر و بەزەبی هێز و سوپا و پەلاماردانی سەربازی، بە مانای پێشێلکردنی دەستوور و داگیرکاری لێک دەدرێتەوە...

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەکەوە بۆ لێدان بوو لە پێگەی پارتی و لەلایەکی تریشەوە جەنگی ناو باڵەکانی یەکێتی بوو، تا چەندە باڵی کرێگرتەیی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئامانجەکانیان پێکا؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ڕاستیەکەی وەڵامی ئەو پرسیارەم لە پێشدا خستۆتە ڕوو.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ڕێگە لە دوبارەو چەند بارەبوونەوەی ٣١ ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەرەکان بگیرێت؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق پێش شەڕی داعش لیوایەکی تایبەتی سەربازی لە سەربازگەی کەیوان جێگیرکرد، و هەموو دەسەڵاتێکی پیدرابوو، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی کوردی دژی ئەو هەنگاوەی عێراق وەستانەوە و دژایەتیانکرد.

بەڵام دوای هاتنی داعش بەشێک لە سوپای عێراق هەڵوەشایەوە، و پەنابردن بۆ هاوکاری پێشمەرگە بووە پێویستی پاراستنی کەرکوک، ئەوەی جێی ئاماژەیە کە ئەم هەنگاوە نەبوو باوەڕ و قەناعەت لای حکومەتی ناوەندی لە بەغدا! بۆیە لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی شەڕی موسڵ لە ٢٠١٧ و لە مانگی ئازار لە دیداری زانکۆی سلێمانی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و سەرۆکی حەشدی شەعبی لە قسەوباسێکیاندا گووتیان" دوای تەواوبوونی شەڕی موسڵ دێینەوە کەرکوک، و هیواداریین دەسەڵاتدارانی کورد هاوکارمان بن! " بەڵام سەرانی سیاسی کوردی لەبری دانانی پلانێک بۆ ئەم هەنگاوەی عێراق، بڕیاریاندا ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن وەک کارتێکی فشار لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی لە عێراق! واتە ڕیفراندۆم لە بنەمادا بۆ فشار بوو نەوەک بۆ دەوڵەت و دروستکردنی قەوارەی دەوڵەتی کوردستان! بەداخەوە؛ ئەوەش لەدەستدانی کەرکوک و سوتاندنی کارتی ڕیفراندۆمی بەدواوە بوو.

**بۆپێشەوە: هەموو جارێک دەسەڵاتدارانی کورد و سەرانی ئەحزابی کوردی ئۆبالی شکستەکە دەخەنە سەر وڵاتە زلهێزەکان و بەخائینیان ناودەبەن. ئایا وایە خیانەتیان لێکراوە یان کێشەکە لە ئاستی هۆشیاری سیاسی سەرکردەکان و حزبەکانی کوردایەتیدایە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بەرلەهەرشتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم؛ بەڕای من پێموانیە کورد سەرکردەی سیاسی هەبێت! سەرکردە دەبێت دونیا بینی هەبێت، و خاوەن پڕۆژە بێت، بۆئەوانەش هەنگاوی پراکتیک و کارسازی بەرنامە داڕێژراوی بۆ بنێت. ئەوانە هیچی لە سەرکردەکانی کورد نابینم. سەرکردەی کورد تا ئێستا بە سایکۆلۆژیا سیاسەت دەکات، نەوەک بە بیروهۆش، هەربۆیە بەردەوام سەرانی کورد گلەییان هەیە نەک بڕیار! لەبەر ئەوە تاکی کورد کێشەی هەیە لە بوونی شوناسی کورد، واتە کورد بوون چییە؟ بەداخەوە لە دوای ڕزگاربوونی باشوور دەسەڵاتداران دەبوایە بەدوای ئەم پرسیارەدا چووبان.

بەناو سەرکردەکانی کورد ئەگەر حەزیان بەدەوڵەتی هەیە؟ ئەوا لە ساڵی ١٩٩٢ ەوەوە بنەما و پەروەردە و پڕۆژە و دامەزراوە و ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەو بوارانە کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستن دروست بکرانایە، نەوەک ئەوەشی هەبوو وێرانی بکەن، کە کردیان و بەردەوامیشن لە خاپوورکردنی.

> **سەرکردە دەبێت دونیا بینی هەبێت، و خاوەن پڕۆژە بێت، بۆئەوانەش هەنگاوی پراکتیك و کارسازی بەرنامە داڕێژراوی بۆ بنێت. ئەوانە هیچی لە سەرکردەکانی کورد نابینم...**



# ڕەنج نەوزاد: ڕێژەی دووبارەبوونەوەی خیانەتی نیشتیمانی و کرێگرتەیی لە مێژووی ئێمەدا بەرزە و زۆر کات دووبارە دەبێتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەری بەڕێز ڕەنج نەوزاد، سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەر و کارنامەی تاوانکارانەی بزوتنەوەی کوردایەتی...

> کارەساتێکی گەورەیە کە لە ناو کورد خۆیدا گوتاری دژایەتی ڕیفراندۆم بەهێز بێت. ئەمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیانی گەورەی دەبێت بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان...

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر، گۆشەیەکی تر لە کرێگرتەیی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو، هۆکار چییە دەست لە گرێگرتەیی هەڵناگرن؟**

**ڕەنج نەوزاد:** کرێگرتەیی دیاردەیەکی مرۆییە و لە زۆر وڵات وکۆمەڵگەدا وبەدرێژایی مێژوو هەبووە وهەیە. بەڵام ئەم دیاردەیە یاخود ئەم ڕەفتارە بۆ ئێمەی کورد تا ڕادەیەک جیاوازترە بە بەراورد بە زۆر نەتەوەی دیکە. جیاوازییەکەش لەوەدایە کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی خیانەتی نیشتیمانی و کرێگرتەیی لە مێژووی ئێمەدا بەرزە و زۆر کات دووبارە دەبێتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە.

کورد ناوەندێکی بەهێز ویاسایی و سەربەخۆی نییە تاوەکو هەموو هێز وگرووپە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان کۆبکاتەوە و ببێتە چوارچێوەیەکی سیاسی ونیشتیمانی بۆ هەموویان. لە ڕووی یاساییەوە بۆ کورد، ئەنقەرە و تاران وبەغداد ودیمەشق ناوەندن، نەک کوردستان. زۆربەی کات، لەڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسیەوە ئەو ناوەندانە بەهێزترن لە کوردستان، هەروەها پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش زۆربەی کات بۆ ئەوان بووە، ئەمەش وا دەکات زۆر جار، ئەو ناوەندانە بتوانن گروپێکی کورد بکەن بە بەکرێگیراوی خۆیان ودژ بە کورد وکوردستان بەکاریان بهێنن.

لە لایەکی ترەوە، تاکی کورد بە درێژایی ئەم سەد ساڵە، لە لایەن داگیرکەرانیەوە پەروەردە کراوە، سیستەمی خوێندنی منداڵ و گەنجی کورد تا ئەمرۆش لە باکور و ڕۆژهەڵات لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە دادەنرێت، دۆخەکە چەند ساڵێکە لە ڕۆژئاوا گۆڕاوە، لە باشور وا ٣٠سی ساڵە دۆخەکە گۆڕاوە، بە تایبەت لە دوای ٢٠٠٣، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە باشور و نە ڕۆژئاوای کوردستان تەواو ئازاد نین لە پەروەردەکردنی تاکی کورد، چونکە تا ئێستا هەر بەشێکن لە عیراق وسوریا. بە کورتی، کاتێک پەروەردەی تاکی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە یان لەژێر چاودێری ئەوان ئەنجامدەدرێت، ئەوا ئەم تاکە هەمیشە مەترسی ئەوەی لەسەرە بەکاربهێنرێت دژ بە نەتەوە ونیشتیمانەکەی خۆی. دواجار حیزبە کوردییەکانیش هەر لەم تاکە پێکدێن.

بێگومان هۆکار زۆرە بۆ کرێگرتەیی لە ناو کورد، بەڵام بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکی بریتییە لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

**بۆپێشەوە: هەندێک دەڵێن ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئاکامی شکستی ڕیفراندۆم بوو، هەندێکیش دەڵێن ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ شکستدانی ڕیفراندۆم بوو ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**ڕەنج نەوزاد:** ڕیفراندۆم واتە پرسیارکردن لە خەڵک، ئەمەش مافێکی سەرەتایی مرۆڤە. ئیتر لە هەر کاتێک بکرێت، هەر کێ بیکات. لەبەرامبەردا هەر لایەنێک یا هەر هێز و دەوڵەتێک بیەوێت ڕێ لەو پرۆسەیە بگرێت یا پەلاماری بدات ئەوا پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە. سەرکەوتنی ڕیفراندۆم لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە پرۆسەکە ئەنجامبدرێت ودەنگی (بەڵێ) زۆرینە بێنێت، هەر ئەوەش ڕوویدا. بۆیە ڕیفراندۆم وەک پرۆسە، سەرکەوتوو بوو. بەڵام نەتوانرا ئەو سەرکەوتنە بەردەوامی پێبدرێت وبگەیەنرێتە قۆناغەکانی کۆتایی.

بە بۆچوونی من دوو لایەن بەرپرسن لە ڕووداونی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر؛ ئەو لایەنەی کە ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، دەبوو هەر ئەو لایەنە پرۆسەکە بپارێزێت و ڕێ لە خیانەت و هێرشکردنە سەر کوردستان بگرێت، بەڵام ئەو لایەنە شکستی هێنا لەو ئەرکەییدا. لایەنەکەی تر ئەو گرووپەن کە هەستان بە ئەنجامدانی کارەسات یا خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر. ئەو گرووپە نە پلە وپۆستی حکومیان نە هی حیزبیان ئەو مافەی پێنەئەدان کە ئەو کارە بکەن. ئەو گرووپە لە ڕووی یاساییەوە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نەبوو هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک بکەن لەگەڵ بەغداد بۆ پرسی هێنانی سوپای عیراق بۆ کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی تر. بۆیە بە بۆچوونی من، لایەنی یەکەم (ئەنجامدەرانی ڕیفراندۆم) شکستیان هێنا لە پاراستنی کوردستان، لایەنی دووەم (بکەرانی ١٦ی ئۆکتۆبەر) خیانەتیان کرد.

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر پێگەی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو لاوازی زۆر برد و کەرکوکیشی لەدەستیان دەرهێنا، ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو؟**

**ڕەنج نەوزاد:** بێگومان کاریگەرییەکانی گەورەن. کورد بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی فەرمی ودیموکراسی بە جیهانی گووت سەربەخۆییم دەوێت. سەرەڕای دژایەتییە ئیقلیمی ونارەزایەتی زلهێزەکان لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، کورد بە ئیرادەیەکی بەرزەوە تەحدایەکی گەورەی کرد وسەرکەوتوو بوو لە دەربڕینی ویست وئیرادەی خۆی. ئەوەش متمانەیەکی گەورەی بەخشی بە تاکی کورد. بەڵام کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دیسانەوە کوردی بێهیوا کرد وگەڕاندیەوە بۆ سەردەمی شکستەکان ونەهامەتیەکان. ١٦ی ئۆکتۆبەر جگە لەوەی کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری وجوگرافییەوە... زیانێکی گەورەی بە کورد گەیاند، لە ڕووی دەروونیشەوە کاریگەری زۆر خراپی کردە سەر خەڵکی کوردستان. پەیامێک بوو بۆ تاکی کورد کە ئەم تاکە ناتوانێت ئازاد بێت لە بڕیاردان بەسەر ژیان وچارەنووسی خۆی. ئەمەش ئەو پەیامەیە کە داگیرکەرانی کوردستان دەیخوازن.

**بۆپێشەوە: لێکەوتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر چین؟**

**ڕەنج نەوزاد:** جگە لەو زیان ولێکەوتانەی کە لە پرسیاری پێشووتر ئاماژەی پێدرا، یەکێ لە لێکەوتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بریتییە لە دروستکردنی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان حیزبەکانی باشوری کوردستان بە تایبەت لە نێوان پارتی ویەکێتی (باڵێکی ناو یەکێتی) ئەم بۆشاییە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی. لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لەسەر ئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتی، کوردستان کرا بە دوو بەش، پشتیوانانی ڕیفراندۆم ونەیارانی ڕیفراندۆم، ئەم دوو بەرەیە زۆر کات وەک دووژمنی یەکتر تۆمەت دەبەخشنەوە بە یەکتر وبە توندی دژی یەکترن. هەر چەند بە پێی ئەنجامی ڕیفراندۆم، زۆرینەی خەڵک لەگەڵ ڕیفراندۆم بوون، بەڵام نەیارانی ڕیفراندۆم لەبەر ئەوەی گوتارەکەیان لەگەڵ خواستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان یەکدەگرێتەوە، توانراوە لە ڕاگەیاندن وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی دەربکەون. ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە کە لە ناو کورد خۆیدا گوتاری دژایەتی ڕیفراندۆم بەهێز بێت. ئەمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیانی گەورەی دەبێت بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان.

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر وەکو ٣١ ئاب، پەڵەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە، بۆچی هەمیشە ئەو کرێگرتەییە دووبارە دەبێتەوە؟**

**ڕەنج نەوزاد:** وەک لە پرسیاری یەکەم ئاماژەم پێدا، تا کورد نەبێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەهێزی خۆی، دەبێت چاوەڕوان بین ئەو کرێگرتەییە هەر دووبارە ببێتەوە. دوای سەربەخۆیش هەنگاوی ترمان پێویستە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارە یان سنورداکردنی. بەڵام بە بۆچوونی من، سەربەخۆیی هەنگاوی یەکەمە. کرێگرتیەیی ودووبەرەکی وخیانەت لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدایە و کار لەیەکتر دەکەن. دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە بۆچی کورد تا ئێستا سەربەخۆیی بەدەست نەهێناوە؟ بریتییە لەوەی کە دیاردەی کرێگرتەیی وخیانەتی نیشتیمانی زۆر بووە لە مێژووی کورد، هەروەها هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی بۆچی ئەو دیاردانە لە ناو کوردا زۆرن؟ چونکە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە.



## ئەنوەر نوری:من پێم وایە کردار و ئامانجی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی جیاوازیان کەمە و هاوشێوەن لە خۆفرۆشی و خیانەتدا. گرنگە ئەوە بزانین کە هەموو حزبەکانی بۆرجوازی کورد کە بە ناوی کوردایەتییەوە کاردەکەن هاو شێوە و هاوئامانجن...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر نوری هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەر و کارنامەی تاوانکارانەی بزوتنەوەی کوردایەتی...

**بۆپێشەوە: چ جیاوازیەک و چ هاوبەشیەک هەیە لە نێوان ی١٦ ئۆکتۆبەر و ٣١ی ئاب دا.**

**ئەنوەر نوری:** سەرەتا سوپاسی ئێوە دەکەم لە بۆپێشەوە.

من پێم وایە کردار و ئامانجی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی جیاوازیان کەمە و هاوشێوەن لە خۆفرۆشی و خیانەتدا. گرنگە ئەوە بزانین کە هەموو حزبەکانی بۆرجوازی کورد کە بە ناوی کوردایەتییەوە کاردەکەن هاو شێوە و هاوئامانجن. چونکە ئەم حزبانە لە بناغەوە بۆ ئامانجێک هەوڵدەدەن کە سەد لە سەد پێچەوانەیە لەگەل ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان. ئەم حزبانە خەڵکی کوردستان بەگشتی و کریکاران و زەحمەتکێشانیان بە تایبەت ئەوەندە دەوێت تا بەکاریان بهێنن لەپێناو گەیشتن بە مەرامەکانیان، ئەویش خۆ سەپاندنە بۆ ئەوەی دەستەڵاتدارانی مەرکەزی و ناوچەیی وەک نوێنەری بۆرجوازی کورد قبوڵیان بکات. ئەوە ئامانجیانە کە کەڵەکەی سەرمایە وقازانج پەرستی بکەن بەسەر قەزیەی کوردەوە. ئەگەر هەر کەسێک چاوێک بە مێژووی دەسەڵات و کار و کردەوەی ئەم٢٩ ساڵەیاندا بخشێنێتەوە، ئەوە بە ڕوونی دەبیندرێت کە ئەمانە ئامانجیان بوون بە سەرمایەدار و ملیاردێرە لە ئاستی جیهاندا بە ناوی کوردایەتیەوە. ئەم حزبانە هەمیشە لەڕێی میلشیا و هێزە سەربازیەکانیانەوە لە هەر جۆرە دەستەڵاتێکدا بوبێتن توانیویانە دەست بەسەر ئابوری و قوتی خەڵک بگرن، هەر بەو هۆیەوە خەڵکیان مەجبورکردووە کە لە ژێر ئاراستەکردنەکانی ئەواندا بێت و خەڵکیان مەجبور بە قبوڵکردنی ژیانی کوێرەوەری و نائارام کردووە، بەناوی پارێزگاری لەکورد و کوردستان. بەڵام لە ڕاستیدا حزبەکانی بەناو کوردایەتی دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانن.. لە دنیادا زۆر حزب و دەسەڵاتی بۆرجوازی هەیە خەڵکەکەی دەچەوسێنێتەوە و بە برسێتی ڕای گرتوون، بەڵام ئەحزابی قەومی کوردی وەک یەکێتی و پارتی نەک خەڵکی کوردستانیان لە هەژاری و برسێتیدا ڕاگرتوە، بەلکو هیچ کات پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستانیان بۆ گرنگ نەبووە، بگرە نەهامەتی ،برسێتی، ئاوارەیی و کوژرانی بە کۆمەڵیان کردووە بە نسیبی خەڵکی کوردستان. ١٦ ئۆکتۆبەر و ٣١ی ئاب تەنها دوو بەڵگەن کە پڕ لە تاوانی ئەو حزبانەیە کە لەپێناو دەسەڵاتی تاک لایەنەی خۆیاندا ئەنجامیان داوە و بۆیان گرنگ نەبووە کە بە سەدان و هەزاران کەس دەکوژرێن، بریندار‌دەبن، ژنان بێ هاوسەر دەبن، باوک و دایکان جەرگ سوتاو بن و منداڵان بێ نازی باوک و دایکیان بێت.

بۆ خەڵک بەگشتی و بە تایبەت بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان زۆر گرنگە ئەوە ببینن و هەڵوێستەی لەسەر بکەن کە یەک دیاردەی زۆر گەورە و بەرچاو و هاوبەشی شەڕەکانی حزبەکانی وەک ینک و پدک ببین، ئەویش لە هەموو شەڕەکاندا هەموو خەسارە، کوژراو، بریندار، ئاوارە و بێسەر و شوێنەکان لە ئێمەی کرێکاران و زەحمەتکێشانن. دەبێت بزانین لەم شەڕانە و هەموو جۆرە شەڕێکی نێوان باڵە جیاوازەکانی بۆرجوازیدا خەسارەتی یەکەم و کۆتا ئێمەی کریکاران و زەحمەتکێشان دەبین. سەرانی ئەو حزبانە ئەوەی نەشیاو و کاری نا مرۆڤانەیە لە کاتی شەڕ و لەپشتەوە خەنجەرلە یەکتردانەکەیاندا لە یەکتری دەدەن. بەڵام کاتێک مەجبور دەبن مفاوەزات بکەن یان دەورەی چاوەڕوانی بۆ نانەوەی شەڕ و ئاژاوەیەکی کە، ئا لەو دەورەی بەناو ئاشتیەدا سەرانی هەردوو بنەماڵە کۆدەبنەوە و بەرامبەر بە میدیاکانیان زۆر بێ شەرمانە دەڵێن بەندە و بەندە هیچ گوناحێکمان نەبووە لەم شەڕەدا، ئەوە هێزەکانمان بوون بە بێئاگایی شەڕیان کردووە (ئەمە قسەی مەسعود بارزانی و جلال تالەبانی بوو دوای وەستانی شەڕی ناوخۆ کە گوایە ئەو دوو زاتە هیچ گوناحێکیان نەبووە لە ڕوودانی شەڕی ناوخۆ کە ٣١ ئاب یەکلایی کردوە). ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان کورت بکەمەوە. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم حزبانە لە شەڕ و ئاشتیاندا هەمیشە هاوشێوەی یەکتر بوون لە کوێرەوەری و داماوکردنی خەڵکی کوردستاندا، نەگبەتی نەما کە دوو حزبی دەستەڵاتداری کوردستان ینک و پدک بەسەر خەڵکی کوردستانیدا نەهێنابێت. چاوەڕوانی و ئومێد بەستن بە حزب و لایەنێکی ناسیۆنالستی کە دووبارەکردنەوەی هەمان جۆر دەبێت لە نائومێدی و ماڵوێرانی هەموان.

> **بۆ ڕوونەدانەوەی ڕووداوە ماڵ وێرانکەرەکانی وەك ٣١ی ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەر، تەنها و بە تەنها چارە هاتنە مەیدانی کریکاران و زەحمەتکێشانە بە وجودی ڕابەرانی کرێکاری و بە پێشڕەوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی شایستە بە مرۆڤەکان کە کۆمەلگەیەکی سۆسیالستیە ...**

**بۆپێشەوە: باڵی کرێگرتەی یەکیتی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر شانازیان بە نۆکەرایەتیەکەیانەوە دەکرد، کەچی ئێستا حاشا لەوە دەکەن و دەیانەوێت شانی خۆیان لەو تاوانە خاڵی بکەنەوە. چۆن دەڕواننە ئەو دوفاقیە؟؟**

**ئەنور نوری:** من بروام وایە ئەحزابی قەومی کوردی بەگشتی وە بە تایبەت پدک و ینک زۆر بێ پرەنسیب، درۆزن و بێ ڕوون. خۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر کوشتنی کەسێکی بێ دیفاع و داماو نییە لە ئەشکەوتێکدا یان لە دۆڵێکدا بە فیشەک بکوژرێت یان بە تەور لەتی بکەن و پاشان توهمەی خۆفرۆش و جاسوسی بخەنەپاڵ. خۆ ١٦ی ئۆکتۆبەرو ٣١ی ئاب تیرۆری نەزیر عمر و سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی و ئەو دەیان کەسە نییە کە سەرانی حزبە قەومیەکان بریاری تیرۆر کردنی لەسەر دەرکردبن و لە ڕێی پیاو کوژەکانیانەوە تیرۆریان کردن و مەحکەمەی سەر بە خۆشیان بۆیان پاساو بدات. جا بێ ئابڕوویی ئەم حزبانە لەوەدایە کە پارتی دیمکراتی کوردستان دەڵێت ٣١ی ئاب گۆرانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی خەباتی ڕزگاری کورددا. باڵی بەکرێگیراو هاوئاهەنگی ئێران و دەسەڵاتی شیعیش دەڵێن ١٦ی ئۆکتۆبەر لە تۆلەی ٣١ی ئابدا بوو.

بە هەرحاڵ خیانەتی ١٦ ئۆکتۆبەر بە بەڵگە هەیە لە خودی میدیاکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان کەخۆیان باسیان کردووە. سوپاسنامەی سەرانی حزبە شیعیە عیراقیەکان و سوپاس نامەی قیادەکانی حەشدی شەعبی بۆ هاوئاهەنگی بەشێک لە قیادەی ینک. دەست خۆشی سەرانی جمهوری ئیسلامی و شەخسی قاسم سولەیمانی. ناتواندرێت ١٦ ی ئۆکتۆبەر بە گاڵتە لە مێژووی ڕۆژە ڕەشەکانی ئەو کەسانەدا بسڕێتەوە کە کرداری بەشداربوون لە بەکوشتدانی دەیان پێشمەرگە، ژن و منداڵی سنورەکانی کەرکوک و تەسلیم کردنەوەی یەک لەسەر سێی خاکی کوردستان بە دەسەڵاتی حەشدی شەعبی. چۆن ٣١ی ئاب پەڵەیەکی پیس و ڕەشە بە مێژوی پارتیەوە بە تایبەت بنەماڵی بارزانی، ئاواش ١٦ی ئۆکتۆبەر پەڵەیەکی پیس و ڕەشە بە مێژووی ینک بە تایبەت بنەماڵەی تاڵەبانی یەوە.

**بۆپێشەوە: هەر وەک لە هەموو جەنگ وهیرشی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەرو ٣١ی ئاب دا خەڵکی بێ لایەن ومەدەنی دەبنە قوربانی، تاکو ئیستا هیچ قسەیەک لە قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە کراوەبە فەرمی یان نا؟**

**ئەنوەر نوری:** من لە پرسیاری سەرەوەدا باسم کردوە کە لەشەڕی باڵەکانی بۆرجوازیدا جا لەژێر هەر ناوێکدابێت، زەرەرمەندی یەکەم و کۆتا ئێمەی کریکاران و زەحمەتکێشانین، دانیشتوانی بێ دیفاع دەبێت..ئەحزابی قەومی کوردی نەک قەرەبووی قوربانیەکان و زیانەکان ناکاتەوە کە لە کاتێکدا ئەوان هۆکارو ئەنجامدەری شەڕەکە بوون، بەڵکو هەرکات بۆیان بلوێتەوە ماڵوێرانیەکی کە بەسەر خەڵکدا دێنن. تا ئەم حزبانە بمێنن وەک دەستەڵاتدار وخاوەن هێزی میلشیا ئەوا دەبێت چاوەڕێی بەڵای زیاتربین.

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەو شوێنانەی کە کەوتونەتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند، حکومەتی ناوەندیش نەک بەدوای چارەسەری کێشەکانی ئەو ناوچانەوە نەبووە و نییە، بەلکو خەریکی زیاتر ئالۆزکردن و گەرم کردنی شەڕی قەومییە. چونکە تا ئاگری شەڕی قەومی پەرە بسێنێت ئەوا سەرانی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی عەرەبی و کوردی باشتر خۆیا ڕێک دەخەن و

بۆ لاپەڕە 14

## درێژەی...دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئەنومر نوری سەبارەت بە ١٦ ئۆکتۆبەر

بەهیزتر دەبن، چاوپیکەوتنەکانی سەران و شەڕکەرانی حەشدی شەعبی لە ڕۆژانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ میدیاکان کە زۆر فاشستانە دەدوان، بەڵگەی ئەوەن کە کێشە قەومیەکان دەسەڵاتدارەکان بەهێزتر دەکات. لە ئێستادا ئەوەی دەبیندرێت و ئەوەشی لە میدیاکانەوە دەیڵێن جارێکی کە کێشەی عەرەب زمان و کورد زمان گەرم بۆتەوە و ئاگری شەڕ و کینەی قەومی بەهێز بووە.

سەرمایەداری خەڵکی زیان لێکەوتو قەرەبوو ناکاتەوە، ئەگەر دەسەڵات خەڵکی سڤیلی زیان لێکەوتووی قەرەبوو کردەوە، ئەوە تەئکید دەسەڵات فشاری خەڵکی لەسەرەو بە نارەزایەتی خەڵک دەسەڵات مەجبور کراوە کە زیانلێکەوتوان قەرەبوو بکاتەوە. بە داخەوە ئەم بزووتنەوەیە کە زۆر حەیاتیە لە ئێستادا ڕێکخراو و بەهێز نییە نە لە کوردستان و نە لە عیراقدا.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ڕێگە لە دوبارە و چەندبارە بونەوەی٣١ی ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەرەکان بگیریت؟؟**

**ئەنوەر نوری:** مێژو و کارکردی ٢٩ ساڵ دەریخست کەم ئەم حزبانە نمونەی پدک، ینک و نمونەکانیان نەک بە کەلکی دەسەڵاتداری نایەن، بەڵکو ماڵ وێرانین بۆ خەڵکی کوردستان. ئەم حزبانە شانسی خۆیانیان تاقیکردۆتەوە کەڵکی هیچ جۆرە تەوەهم و خۆش خەیاڵیەکی تەنانەت بۆ ناسیۆنالستەکانیشان پێوە نەماوە، پێویستە ئەو دەسەڵاتە وەلا بنرێت، بڕوخێنرێت، پێویستە لە شوێنی دەسەڵاتی ئەواندا خەڵکی کریکاران و زەحمەتکێش دەسەڵاتێکی ئازاد و یەکسان بنیات بنێت. لەو دەسەڵاتەدا داهاتی کۆمەڵگە بۆ هەموان بێت بە یەکسانی. وە هەموان بەهرەمەندبن لە ژیانێکی ئارام و ئازاد.

بۆ ڕوونەدانەوەی ڕووداوە ماڵ وێرانکەرەکانی وەک ٣١ی ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەر، تەنها و بە تەنها چارە هاتنە مەیدانی کریکاران و زەحمەتکێشانە بە وجودی ڕابەرانی کرێکاری و بە پێشڕەوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی شایستە بە مرۆڤەکان کە کۆمەلگەیەکی سۆسیالستیە.

بۆپێشەوە: لاتان وایە ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا لەدەست دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرهات، بگێردرێتەوە بۆ دۆخی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر؟

ئەنوەر نوری: ئەم پرسیارە شمولی زۆر ئەگەر دەکات. ئەگەر مەبەستان لە وەزعی ئێستایە ناتواندرێ کەرکوک و هەموو ئەو ناوچانەی کەلە ١٦ ئۆکتۆبەردا تەسلیم کرایەوە بگێرێدرێتەوە بۆ سەر کوردستان. سیاسەتی ئێستای ینک و پدک وای نیشان دەدەن، کە دەیانەوێت هەموو کوردستان تەسلیم بە حکومەتی ناوەند بکەنەوە، بەڵام بە شکڵی ١٦ ئۆکتۆبەر نا، بەڵکو لە سەرەتادا تەسلیم کردنەوەی ئابوری و سەرچاوە مالیەکانی وەک داهاتی سەرچاوە نەوتی و غازیەکان، داهاتی گومرگی، داهاتەکانی ئاو، کارەبا، زەریبەی خانوبەرە، کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاژەڵیەکانیش دەگرێتەوە کە وردە وردە خەریکی تەسلیم کردنەوەین، بەڵام بەجۆریک دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن کە تۆزیک مەجالی ئابڕو بۆ خۆیان بهێڵنەوە.

دەسەڵاتی هەر کۆمەلگەیەک ئابوری و سەرچاوە ئابوریەکانی لە چنگی خۆیا نەبێت؟ واتە ئەو دەسەڵاتە کرداری بوونی نییە یاخود دەسەڵاتیکی کارتۆنی دەبێت. ئێستا دەسەڵاتی کوردستان بەرەو ئەوە دەچێت. نەگبەتیەکە لەوەدایە لە پاش تەسلیم کردنەوەی ئابوری و ئیدارياتی کوردستان بە دەسەڵاتی ناوەند، ناوەند پێویستی بە هێز و لایەنێک دەبێت تا خەڵکی ناڕازی کوردستان سەرکوت بکات، لەم کاتەدا سەرانی خاوەن ٣١ی ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەر باشترن هەلبژاردەی حکومەتی ناوەند دەبێت کە دژ بە خەڵکی کوردستان بەکاری بهینیت.

دیارە کە حکومەتی بەناو هەرێم ناتوانێت بەرپرسیاری ئیدارە و ئابوری کوردستان بدات. هەر ئێستا سەرانی پدک و ینک ڕاکە ڕاکیانە تا خۆیان ڕادەستی حکومەتی مەرکەزی مستەفا کازمی بکەنەوە. هاتن و جەولەکردنی کازمی نیشانەی مایەپووچی و ئیفلاسی دەسەڵاتداری ئەحزابی قەومی کوردی بوو بەحکومەتەکەشیانەوە. ینک و پدک ئەوە وەزعیان بێت چۆن دەتوانن بچنەوە یان ئەوشوێنانە بگرنەوە. ئەگەر وەزع وابێت دەبێت بە دوربین سەیری ئەوناوچانە بکەن کە بە خیانەتی ئەوان درایەوە بە دەسەڵاتی مەرکەزی.

بەڵام ناشبێت ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە عیراق بە کوردستانیشەوە بەشێکە لەو کێشە ئابوری و سیاسیانەی کە ئێستا لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە. ئەگەر کێشە جیهانیەکە لەو ناوچەیەدا زیاتر پەرەی سەند؟ لەوانەیە پدک و ینک شانسێکی دیکە وەربگرنەوە، چونکە ئەحزابی قەومی کوردی ئامادەی هەموو خۆفرۆشیەکی هەیە ئەگەر کاتیش بێت. لەپێناو مانەوە و خۆسەپاندن وەک نوێنەری بۆرجوازی کورد شەڕی بەوەکالەتیش دەکەن. هەر بۆیە ئەگەر ناکۆکیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، تورکیا روسیا کێشەی شیعە و سونە زیاد بکات، ئەوە لەوانەیە ئەگەر کاتیش بێت شانسێکی کە بدەنەوە بە ینک و پدک و بچنەوە ئەو ناوچانە. ئەگەرچی ئەوە ئەگەرێکی لاوازە، بەڵام وەک ئیحتمال.

## درێژەی دوا وتە

بەم جۆرە دەبینین، کە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و پارتی کە قەڵەمرەوی سیاسی و پاوانی بریاری سیاسی کردووە بەتایبەتی، لەهیچ بوار و زەمینەکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوریدا، بەرگەی هیچ رەخنەیەک ناگرێت و لەبەرامبەردا تۆمەت ئاراستەی رەخنەگران و نەیارانی دەکات. نەک هەر دەست بۆ سەرکوت و زیندان و داسەپاندنی ترس و تۆقاندن دەبات، بەڵکو لەوەش زیاتر دۆسیە و سیناریۆی ئامادە و پاکەتی بۆ شکاندنی کەسایەتی و ڕەخنەگرانی هەیە. خۆیان کە هیچ دەستێکی چنگ بەخوێن نییە، ڕاکێشی ناو کوردستانیان نەکردبێت و نۆکەر پیشەییان بۆی نەسەلماندبیت، ئەو تاوانە ئاراستەی نەیاران و رەخنەگرانیان دەکەن. خۆیان کە هیچ ڕێز و سەرووەرییەکیان بۆ هەرێم و هاوڵاتیانی نەهێشتۆتەوە و لەسەر بێئیرادەکردنی خەڵکی کوردستان بەهرەبەرداری دەکەن، کەچی تۆمەتی شێواندن و شکاندنی شکۆی نیشتمان!! دەخەنە ئەستۆی چالاکوانانی جەماوەری و رۆژنامەنووس و نووسەران.

دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێ تاوانەکان وەکو دەستکەوت، نۆکەر پیشەیی بە پەیوەندی ئاسایی، خۆشخزمەتی بە دڵسۆزی، موچە بڕین بە خۆ گونجاندن، و سوێند بە یەکپارچەیی خاکی عێراق، بە خەبات بۆ سەربەخۆیی و هەزران فرۆشی خزمەتگوازرییەکان بە کەرت تایبەت، بە پەرۆشی بە هاوڵاتیان و ... نیشان بدات.

بەکورتیەکەی دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت، کەس نارەزایەتی بە لێبڕینی موچە و دواخستنی موچە و دزی و تاڵانی نەبێت. کەس نیگەرانی لە وێرانەیی سلکی خوێندن و پەروەردە رانەگەیەنێت. کەس نارازی لە نەبوونی خزمەتگوازرییەکان نەبێت. کەس دژی سەرکوتی سیاسی و ژێر پێخستنی ئازادییەکان، دەنگ هەڵنەبڕێ. کەس مافی بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندانی نەبێت. کەس مەعشوق بوونی هەرێم بە بەغدا، نەدرکێنێ. کەس هاوار و ناڵەی ژنانی زوڵم لێکراو نەبیستێ. کەس نۆکەر پیشەییان ئاماژە پێ نەدات. کەس دەنگ نەکات و هەموو هاوڵاتیان "بەڵێ" بۆ دەسەڵاتی تاڵانچیان بڵێن.

ئەو شەپۆلە لەسەرکوت و ترساندن و تۆقاندن، لە بنەرەتدا ترسە لە مەرگی سەرکوت و ترس و تۆقاندن. نارەزایەتی جەماوەری قوڵپ دەدات، بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە لەبەرامبەر بەو کەمایەتیە تاڵانچییە بنەماڵەیی و حزبییەدا، خەریکی ڕێگا دۆزینەوە و وێڵی دەربازبوون لەو دەسەڵاتەن. دەسەڵاتی سیاسیش دەیەوێت لە ڕێگای ئەم سەرکوت و تۆقاندنەوە کەشی هاتنە مەیدانی ڕێکخراو و فراوانی جەماوەری بتۆقێنێ و بەری پێبگرێت. بەڵام راستیە سەلماوەکانی دنیا نیشانیداوە پەتی سەرکوت و ترس و تۆقاندن کورت و بی ئاکامە... نموونەی رژێمە روخاوەکان کە پایەی دەسەلاتیان لەسەر سەرکوت و فریوکاری ڕۆنا بوو، ئەزمونێکە ئەگەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی دوای خۆیان، خۆیانی لێ بی ئاگا دەکەن، بەڵام جەماوەری ناڕازی و ئازادیخواز وەکو ئەزموون بۆ ڕامالّینی دەسەڵاتە هاوشیوەکانیان بەدەستیەوە دەگرن.

ئەم سەرکوت و ترساندن و تۆقاندنەی پارتی لە زۆنی زەردا، پەیرەوی دەکات، لەدوا ئاکامدا تورەیی و نەفرەتی جەماوەری کەڵەکە دەکات و هێزی ڕامالّینی ئەو دەسەڵاتە بەرینتر دەکاتەوە. ئازادی و ئازادیخوازی بە سەرکوت کۆتایی پێناهێنرێت، ئەوە سەرکوت و سەرکوتگەرییە بە ئازادی و خەباتی ئازادیخوازی لەبەین دەبرێت.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com ماڵپەری بۆپێشەوەwww.bopehsawa.net

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شوانە حەسەن،سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدالرحمن رەسوڵ،جەمال نوری، هیوا ساڵح، کاوان قادر،حەکیم میرزا، جەمال نوری

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"١٦ ئۆکتۆبەر کارنامەی تاوانکارانەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی"

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# سەرکوت ڕاگرن!

عەبدوڵا مەحمود

ژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و زۆنی زەرد بەتایبەتی، کراوەتە زۆنی تابۆی دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی و داواکردنی سەرەتایی مافە پایماڵکراوەکان.



لەگەڵ بەرین بوون و فراون بوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا بەرووی گرانی و بێکاری و بێ موچەیی و دزی و گەندەڵی ئاشکرادا، ئاستی سەرکوت و گرتن و ڕاوەدوونان و ترس و تۆقاندنش زۆرتر بووە. لەماوەی کەمتر لە دوو مانگی ڕابردوودا بەسەدان کەس لە چالاکوانی مەدەنی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بەشدار لە خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکان، لەلایەن هیزەکانی پارتییەوە دەستگیر کراون، هەردوو کەناڵی ئین ئارتی لە هەولێر و دهۆک داخراون و ڕێگە نادەن میدیا کارانی ڕۆماڵی پرس و ڕووداو نارەزایەتییەکان بکەن.

دەسەڵاتی تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و سەرکوتگەری بزوتنەوەی کوردایەتی، موچە دوادەخەن و داواکردنی وەکو تاوان تەماشا دەکەن. لە موچە دەبڕن بەرگەی دەنگی "نا" ی موچەخۆران ناگرن. سەرکوت دەکەن و تەحەمولی داواکاری ئازادی ناکەن. دزی و تاڵانی ئاشکرا و سیستماتیک دەکەن و نەفرەت بەرووی ئەم تاوانکاریەدا، بە تاوان ناوەزەد دەکەن. خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکە و سوپاو دەزگا جاسوسیەکان دەکەن و نارەزایەتی بەروویدا بە پشتیوانی لە دەستی دەرەکی وێنا دەکەن. رۆژنامەنووس و میدیاکان دادەخەن و داواکاری ئازادکردنیان، بە شێواندنی ئاسایشی نیشتیمانی لەقەڵەم دەدەن. نەوت فرۆشی و قاچاخچیتی بە نەوت و داهاتی کۆمەڵگەوە دەکەن، هەڵدانەوەی دۆسیەکانیان بە خزمەتی نەیارانی هەرێم، دەچوێنن. دۆزەخیان بۆ ژنان خوڵقاندووە، و بەگری لە مافەکانی ژنان، بە بەرگری لە بەرەڵایی دەزانن. خویندن و پەروەردەیان توشی دارمانی بێ وێنە کردووە، راوەستان بەرەوویدا بە یاساغ دەزانن. کەرتی تەندروستیان وێران کردووەو رۆژنە بەدەیان کەس بەهۆی ئەو وێرانەیەوە گیان لەدەست دەدەن، ئاە و ناڵە بەرووی ئەم دۆخەدا، گوێ بیست نابن. خەریکن هەموو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشتیەکان" ئەوانەی کەماون" هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی دەکەن و شانی خۆیان لە سەرەتایترین بەرپرسیاریەتی خاڵی دەکەنەوە، وەستانەوە بەرەوویدا بە دژایەتی قەوارەی سیاسی هەرێم دەزانن. سوێند بەسەری یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخۆن و لەململانیی بەردەوامی نێوانیاندا، باج و دوکەڵی ئەو ململانێیە دەخەنە ئەستۆی جەماوەری خەڵکی کوردستان.

بۆ لاپەڕە 14

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح



پەلکیش پەلکێشی قوتی خەڵکی بۆ گیرفانی زەرو سەوز

